# ڕەخنەگری میللی و پەزپەزەی چەمکی خوێنەر

کاروان عومەر کاکەسوور



٢١ی تشرینی دووەم ٢٠٢٢ وتار

لە دوو هاوڕێی جیاوازەوە پەرەگرافێکم پێ گەیشتووە، کە هیی نووسینێکی (ئارام سدیق)ـە و لەبارەی (چەمکی خوێنەر)ـەوەیە. ئەگەرچی لە لام سەیر نییە، ئەو ڕەخنەگرە بە زمانی میللی، ئەو زمانەی ڕۆژانە خەڵک لە ناوەندە کۆمەڵایەتییەکاندا بە کاری دێنن، لەبارەی چەمکەکانەوە بدوێت، کە هەر خۆم هەوڵم داوە لە کتێبی (گەڕانەوەیەکی کاتی بۆ دایەلۆگێکی بەردەوام)دا هەموو ئەو چەمکانە هەڵبگرمەوە و ئاستە شاراوەکانیان دەربخەم، کە ئەو فرێی داون،

بەڵام بەوەدا هێشتا بەردەوامە، بگرە دەستی لەوە هەڵنەگرتووە بە پێوەری چاکە و خراپە، کە ناوم ناوە (پێوەری چوخ)، نووسەران هەڵبسەنگێنێت، تا بەمیان بڵێت داهێنەری مەزن و ئەویان بە مایەپووچ بزانێت، بۆیە بە پێویستی دەزانم وەک خوێنەرێک لەسەر ئەم پەرەگرافەیشیدا هەڵوێستە بکەم و هاوکات لە دیدگەی خۆمەوە باسێک لەبارەی (چەمکی خوێنەر)ـەوە بنووسم. دیارە لە بەرهەمەکانی پێشوویشمدا ئەو چەمکە ڕووبەڕووم بووەتەوە و دەتوانم بڵێم لە ڕێی دایەلۆگ لەگەڵ کۆمەڵێک سەرچاوەی گرنگەوە لێوەی دواوم، بە تایبەتی لە کتێبی (کوشتنی فیل و پاراستنی دووکانی شووشەوات)دا، کە دەبێتە پاڵپشتی ئەم بابەتەیشم.

سەرەتا با پەرەگرافەکەی (سدیق) وەک خۆی بنووسینەوە:

{بێگومان پۆلێنکردنی خوێنەر، یەکێکە لە سەختترین پۆلێنەکان، بەو پێیەی خوێنەر بوونەوەرێکە سەختە لە ژێر چەتری چەند پێناسەیەکدا کۆ بکرێنەوە، بەڵام لە ڕووە گشتییەکەیەوە و بە وردبوونەوە لە سیمای دەرەوەیان دەتوانین بۆ سێ شێوە پۆلێنیان بکەین، کە ئەوانیش ئەمانەن: یەکەم "خوێنەری کاتی". دووەم "خوێنەری پچڕ پچڕ" (ڕاگوزەر). سێیەم "خوێنەری هەمیشەیی".}

لە ژێرەوە ناوی خۆی نووسیوە و ئاماژەی بەوە داوە، گۆیە لە وتارێکیەوە وەرگیراوە.

هەوڵ دەدەم لەم ڕووەوە نووسینەکەم بۆ دوو تەوەرە دابەش بکەم. لە تەوەرەی یەکەمدا ناوەرۆکی پەرەگرافەکە بە هەمان زمانی کۆمەڵایەتی لێک دەدەمەوە. واتە زمانی منیش لێرەدا سادەیە و بۆ ئەوەیە لایەنە پێکەنیناوییەکەی پیشان بدرێت. لە تەوەرەی دووەمدا، کە بنەڕەتییە و پێشتریش گوترا باسێک لەبارەی (چەمکی خوێنەر)ـەوە دەنووسم. مەبەستمە بڵێم چۆن ئەو چەمکەی لە کاتێکدا کۆمەڵێک ڕەگی لەناو فەلسەفەدا هەن و کۆمەڵێک بیرمەندیش پێوەی خەریک بوون، لە لای ڕەخنەگری میللی دەچێتە ئاستی میللی و بە زمانی ڕۆژانە وەسف دەکرێت.

لێرەدا دەمەوێت بڵێم وشەی (پەزپەزە)م لە جیاتیی وشەی (کۆمیدیا) لە ناونیشانەکەدا نووسیوە. لە سەرەتا و ناوەڕاستی هەشتاکاندا کۆمەڵێک هاوڕێ بووین، لە (پارکی ڕووناکی)دا کۆ دەبووینەوە، گۆیە خەریکی خوێندنی کتێبی فێرگەین، بەڵام زیاتر کاتمان بە گفتوگۆوە دەبردە سەر. (هۆشەنگ وەزیری)، (سائیب ئەکرەم)، (فەتحی کەریم)، (ئازاد ئەحمەد)، (کاروان کۆیی) و کۆمەڵێکی

تر ڕۆژانە دەهاتن. هەندێجار دەنگی بەرزمان ئەوانەی دیکەی بێزار دەکرد. ئێوارەیەک یەکێ لە باخەوانەکان تووڕە بوو: (ئەو پەزپەزەیەتان لە چییە؟ خۆیشتان نازانن چی دەڵێن). لەمەوە کاتێ یەکێکمان بەبێ هیچ زانیارییەک بۆچوونی دەردەبڕی، ئەوانەی دیکە پێیان دەگوت: (پەزپەزەیە)، یان (واز لە پەزپەزە بێنە!) و هیی دیکە.

* * * *

تەوەرەی یەکەم:

(سدیق) نووسیویەتی: (بێگومان پۆلێنکردنی خوێنەر، یەکێکە لە سەختترین پۆلێنەکان).

ئایا لە توێژینەوەدا وشەی (بێگومان) بایەخی هەیە؟ ئایا ناکرێت گومان پێشڕۆ بێت، تا لە زانراوەوە بەرەو نەزانراو ئاڕاستە ببێت؟ (سدیق) پێشتریش گوتوویەتی پرسیار گرنگ نییە و ئەوەی زۆر پرسیار بکات، مایەپووچ دەبێت، وەک لە کتێبی (گەڕانەوەیەکی کاتی بۆ دایەلۆگێکی بەردەوام)دا باسم کردووە و لەو بارەیەوە بەشێکی تایبەتم نووسیوە. ئایا بووە نووسەرێک پرسیاری لە لا بێنرخ بێت و لەبارەی (چەمکی خوێنەر)یشەوە بدوێت؟ بەڵێ، ئەگەر بەو زمانە بنووسێت. دواتر لە تەوەرەی دووەمدا پێشانی دەدەین ئەو چەمکە چ شەڕێکی بە فیلۆسۆف و ڕەخنەدۆزان فرۆشتووە، کە لێرەدا خراوەتە ئاستی شمەک و هەڕاج کراوە.

دەڵێت: (پۆلێنکردنی خوێنەر، یەکێکە لە سەختترین پۆلێنەکان).

جارێ با بڵێین پۆلێنکردن لە فیکری ڕەخنەییدا شوێنی نییە. پۆستمۆدێرنیزم سنووری نێوان ژانرەکانی سڕییەوە و هەموو بنەماکانی تێک شکاندن، کە لەمەوە پۆلێن هێندەی دیکە هێزی لە دەست دا. وەک (جاک دێریدا) پێی وایە تێکستەکان بە شێوەک بە یەکدا ڕۆ چوون، شتەکە لەوە دەرچووە ماناکانیان دەستنیشان بکرێن. چەمکی دەقئاوێزان (intentionality)یش هەر لێرەوە هاتووەتە کایەوە و گەشەی کردووە. (مۆریس بلانشۆ) وا لە چەمکی (ژانری ئەدەبی) دەڕوانێت، کە بەتاڵە و ناتوانێت هیچ کاریگەرییەکی هەبێت، بەو مانایەی پۆلێن پێوەندیی بە پێکهاتەی تێکستەوە نییە. مادام ناواخنی تێکست خاوەنی بونیادی تایبەتی خۆیەتی، ئەوە توخمی ڕەتکردنەوەی پۆلێنکردنی هەڵگرتووە و وەریناگرێت، چونکێ هیی دەرەوەیە.

ئایا سەیر نییە تۆ پێشتر ناوی کۆمەڵێک لەو فیلۆسۆفانەت هێنابن، کە دژی پۆلێنکارین، لەولایشەوە ئەو چەمکە زەق بکەیتەوە، بێ ئەوەی هیچ لە بارەیەوە بڵێیت؟ شتی سەیرتر لەوەدایە، کە ئەوەی لێرەدا پۆلێن دەکرێت، ژانری ئەدەبی نییە، بەڵکوو خوێنەرە. دواتر دەگوترێت سەیرەکەی لە کوێدایە. من هەر لەو کتێبەی خۆمدا یەک بەشم بۆ ئەو باسە تەرخان کردووە. بۆچوونی کۆمەڵێک فیلۆسۆف و ڕەخنەدۆزم هێناوەتەوە، بە تایبەتی هیی (ڕۆلان بارت)، کە (سدیق) خۆی چەند جارێک ناوی هێناوە، بێ ئەوەی دوو دێڕی گرنگی لەو بارەیەوە نووسیبێت، بگرە بە پێچەوانەوە شتی هێندە سەیری گوتووە، دەتهێنێتە پێکەنین. (ئەگەر وا نییە، با بێتە دەنگ!)... ڕەخنەدۆزی ئەمەریکی، (جۆناتان کولەر: Jonathan Culler) لە کتێبی (بارت: پێشەکییەکی زۆرکورت: Barthes: A Very Short Introduction)دا دەڵێت: (بەشێکی زۆری کارەکانی بارت ڕەنگاوڕەنگ و خاوەنی شێوازی ناوازەن. هەڵگری تایبەتمەندێتیی دەگمەنن و دەکەونە دەرەوەی سنووری ژانرەکانەوە). (بارت) خۆیشی لە وەڵامی پرسیارێکدا، کە پێوەندیی بە سیستەمی کتێبخانەوە هەیە، بەوەی نازانرێت بەرهەمەکانی بخەنە چ خانەیەکەوە، بگرە هەیانە لە زیاتر لە خانەیەک دانراوە؛ شتی نزیک لەوانەی گوتوون. گفتوگۆکە لە پاڵ کۆمەڵێک گفتوگۆی دیکەی لە کتێبی ( Roland Barthes: The Grain of the Voice, Interviews 1962–1980)دا بڵاو کراوەتەوە. پرسیارەکە بەم شێوەیەیە: (سەرنجم داوە کتێبەکانت لە یەک شوێنی کتێبخانەدا نمایش ناکرێن، بەڵکوو لە شوێنی جۆراوجۆر دانراون، وەک زمانەوانی، فەلسەفە، کۆمەڵناسی، ئەدەب و هیی دیکە. ئایا ئەو پۆلێنە ئاڵۆزکاوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە شێوازی لەیەکنزیکردنەوەی بابەتەکان دەگریتە بەر؟)... بە (بەڵێ) وەڵام دەداتەوە و ئاماژە بە (ژان پۆول سارتەر) دەکات، بەوەی ئەویش فیلۆسۆف، ڕەخنەدۆز، شانۆنامەنووس، گوتارنووس و هیی دیکە بووە.

من لە (سدیق) دەپرسم، ئاخۆ دەتوانێت لەبارەی پۆلێنکارییەوە چەند دێڕێک بنووسێت، تا بزانین چۆنی لێ تێگەیشتووە؟ دەکرێت لانی کەم بە هاوڕێیەکی نزیکی خۆی بڵێت مەبەستی لەو وشەیە چییە؟ ئایا لێرەدا هیچ شتێکی لەو بارەیەوە گوتووە؟ ئایا تەنانەت لە ئاستی ڕستەسازییشدا دروست دەریبڕیوە؟

(پۆلێنکردنی خوێنەر، یەکێکە لە سەختترین پۆلێنەکان). ئێمە وشەیەکمان هەیە، ناوی (پۆلێن)ـە و دەمانەوێت پێناسەی بکەین. ئایا دەکرێت بڵێین (پۆلێن پۆلێن)ـە؟ نەدەکرا بیگوتبووایە (یەکێکە لە سەختترین کارەکان)، یان لانی کەم بینووسیبووایە (پۆلێنکردنی خوێنەر لە پۆلێنکردنی هەر شتێکی دیکە سەختترە)؟ بەوەدا ئاوەڵناوی (سەخت)ی داوەتە پاڵ، مانای وایە دەیزانێت، بۆیە هیوادارم

پێمانی بڵێت. نازانم بۆچی لێی شاردووینەتەوە! پۆلێنکاری پێوەندیی بە سیستەمی ڕێکخستنی کتێبخانەوە هەیە. چ کتێبێک لە کوێ دابنرێت و چ ژمارەیەکی پێ بدرێت؟ بۆ ئەوانەی قاڵب و کلێشە لە بەرچاو دەگرن، دەشێ گرنگ بێت بزانن شیعر چۆن بنووسرێت و ڕۆمان لە چەند وشە پێک بێت، دەنا وەک گوترا لای ڕەخنەدۆزانی جیاوازی، کە ڕەخنەیان لە شوناس گرتووە، سنووری ژانرەکان کاڵ بووەتەوە و ئەمیان لەویان وەردەگرێت. هەم لە کتێبی (گەڕانەوەیەکی کاتی بۆ دایەلۆگێکی بەردەوام) و هەم لەو گفتوگۆیەی (شاخەوان سدیق) لەگەڵیدا کردووم و لە ژێر ناونیشانی (ڕۆمان لە تاکدەنگەوە بۆ فرەدەنگ)دا چاپ کراوە، هەوڵم داوە بە وردی لەو باسە بدوێم.

ئینجا (سدیق) نووسیویەتی: (خوێنەر بوونەوەرێکە سەختە لە ژێر چەتری چەند پێناسەیەکدا کۆ بکرێنەوە). کاتێ دەگوترێت (خوێنەر بوونەوەرێکە)، واتە تاکە، بۆیە (کۆ بکرێنەوە) هەڵەیە. پێویستە سەرتاپێی وشەکان دابڕێژرێنەوە، تا سروشتی خۆیان لە دەست نەدەن، بە مەرجێ هەتا بۆ سروشتی خۆیشیان بگەڕێنەوە، هێشتا لە ڕووی تێگەیشتنی ڕەخنەیییەوە پرسیارمان دەمێنێت. تۆ ڕەخنەگر بیت و کۆمەڵێک کتێبت چاپ کردبن، ئینجا بێیت و خوێنەر بە (بوونەوەر) بزانیت، بۆ من پێکەنیناوییە، کە وەک دواتر دەبینین هەر بە ڕاستی بە بوونەوەری زانیوە و بە شێوەی مۆرفۆلۆجی بینیویەتی. بوونەوەر واتە (Organism)، کە مرۆڤ، ئاژەڵ، ڕووەک و هیی دیکە دەگرێتەوە. لێرەدا مەبەستی مرۆڤە. ئەوەتە نووسیویەتی: (بەڵام لە ڕووە گشتییەکەیەوە و بە وردبوونەوە لە سیمای دەرەوەیان دەتوانین بۆ سێ شێوە پۆلێنیان بکەین).

لە فەلسەفەدا چەمک واتە لایەنی نادیاری شت، کە بێسنوورە و لە بێژمار ئاڕاستە پێک دێت. ئایا بۆ نموونە چەمکی (دەسەڵات) لای (فۆکۆ) بریتییە لەو کەرەستانەی حوکمیان پێ دەکرێت؟ (سدیق) خوێنەری لە مرۆڤدا بەرجەستە کردووە. واتە ئەوانە بە شێوەی فیزیکی هەن و کتێب بە دەستەوە دەگرن، کە دەتوانیت بیانژمێریت. ئینجا وشەگەلی وەک (لە ڕووە گشتییەکەیەوە و بە وردبوونەوە لە سیمای دەرەوەیان) تەنیا بە مەبەستی فریودانی خوێنەر نا، بەڵکوو فریودانی جەماوەر ڕیز کراون، دەنا هیچ ئەرکێکیان لە ئەستۆدا نییە. دەسا ئەگەر هەیانە، خۆزگە دەهات و لەو بارەیەوە بۆمان دەدوا! با بزانین ئەو سێ شێوەیە چین، کە پۆلێنی کردوون: {یەکەم "خوێنەری کاتی". دووەم "خوێنەری پچڕ پچڕ" (ڕاگوزەر). سێیەم "خوێنەری هەمیشەیی"}.

دەیگوت پۆلێنکردنیان کارێکی سەختە، کەچی دەبینین هەر زۆر ئاسانە. ئەرێ مرۆڤ بەو مەبەستەی ئەم پەرەگرافە، بگرە هەزاران پەرەگرافی لەم شێوەیە

بنووسێت، پێویستی بە وردبوونەوە هەیە؟ بۆیە دەپرسم، چونکە نووسیویەتی: (بە وردبوونەوە لە سیمای دەرەوەیان). وردبوونەوەی بۆ چییە؟ هەر کەسێکت بینی، کتێبی پێیە، خوێنەرە و ئەوەی پێی نییە، فت. ئەوەی زووزوو بە دەستیەوە دەگرێت و دەیهێنێتە قەرەباڵغی، "خوێنەری هەمیشەیی"یە، ئەوەی ناوەناوە هەڵیدەگرێت، "خوێنەری پچڕ پچڕ" (ڕاگوزەر) و ئەوەی کەمجار پێی دەبینرێت، "خوێنەری کاتی"یە.

ئایا لە پەنجاکاندا خاوەنی کتێبخانەیەک نا، بەڵکوو خەڵووزفرۆشەکەی بەرانبەری، یان نانەواکەی تەنیشتی نەیدەتوانی بەو ئەنجامە بگات، کە هەندێک کەس بە شێوەی کاتی کتێب دەکڕن، هەندێک جاروبار و هەندێکیش بەردەوام؟ یەکێ لە خەسڵەتەکانی ڕەخنەی میللی، ئەوەیە، کە تۆ دەتوانیت لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا بۆ هەر شتێکی دیکەی بە کار بهێنیت. لە پەنجاکان دوور ناکەوینەوە و پیاوێکی هەژار دێنینە بەر چاومان، کە دەیەوێت نۆکاو بفرۆشێت. دەچێتە گەڕەکەکەی ئەوبەر و سەرنج لەو نۆکاوفرۆشەی ئەوێ دەدات. بۆ ماڵەوە دەگەڕێتەوە و بە هاوسەری دەڵێت: {بێگومان پۆلێنکردنی نۆکخۆر، یەکێکە لە سەختترین پۆلێنەکان، بەو پێیەی نۆکخۆر بوونەوەرێکە سەختە لە ژێر چەتری چەند پێناسەیەکدا کۆ بکرێنەوە، بەڵام لە ڕووە گشتییەکەیەوە و بە وردبوونەوە لە سیمای دەرەوەیان دەتوانین بۆ سێ شێوە پۆلێنیان بکەین، کە ئەوانیش ئەمانەن: یەکەم "نۆکخۆری کاتی". دووەم "نۆکخۆری پچڕ پچڕ" (ڕاگوزەر). سێیەم "نۆکخۆری هەمیشەیی".}.

ئایا هاوسەری لێی ناپرسێت: (بۆچی، گیانەکەم، تۆ بەبێ ئەوەیش ئەمەت نەدەزانی؟)؟ ڕەنگە ئەو پیاوە هەر بە سروشتی خۆی زمانی کوردی بزانێت و ئەو هەڵانە نەکات، کە (سدیق) کردوونی. بۆ نموونە وشەی (پچڕپچڕ) وەک ئەو لە یەک جودا ناکاتەوە، مادام ئاوەڵناوە. هەروەها ئەو پێشەکییە ناڵێت، کە وەک بینیمان یەک ئەرکی لە ئەستۆ نەگرتووە، بەڵکوو تەنیا بۆ فریودان نووسراوە. خۆزگە ئەوانەی بەو پەرەگرافە سەرسامن، وەک هاوسەری نۆکاوفرۆش لێیان دەپرسی، ئەرێ تۆ شتێکت گوتووە، ئێمە نەیزانین؟ ئایا وشەی (پچڕپچڕ: intermittent) لە شێوەی ناو، یان ئاوەڵناودا بە کار دێت؟ دەگوترێت: (مام پچڕپچڕلە دەرگەی دا)؟ (منداڵێکی پچڕپچڕە و لە دایکە پچڕپچڕەکەی دەچێت)؟ (کتێبە پچڕپچڕەکە دەنگی داوەتەوە و بە دڵی خەڵکە). تا ئێستا نەمزانیوە بەندبێژێک گوتبێتی: (جاران پیاوێکی درێژ بووم، ئێستا هەر وەک تۆپ خڕم... کەوتوومەتە بەر شەقی یاری پچڕپچڕم. فش نابمەوە بە هیچ کەس، چونکە تا بڵێی پڕم). ئەرێ (پچڕپچڕ) هاوواتای (ڕاگوزەر: transient)ـە؟

من لەو کەسانە نیم سنوور بۆ زمان و دەربڕین دادەنێن، بەڵام ئەگەر بەم شێوەیە لەسەر گرفتی زمانەوانیدا دەوەستم، ئەوە تەنیا دەمەوێت پێشانی بدەم ئەم تێگەیشتنە تا چ ئەندازەیەک ڕووکەشە و چۆنیش ڕێ بە خۆی دەدات لەبارەی ئەو چەمکانەوە زانیاریی ساختە بخاتە ڕوو. زمانی ئەم نووسینە لە پێناوی (شت) لە سروشتی خۆی دوور کەوتووەتەوە، بەڵام زمانی ئەو نۆکاوفرۆشە بەوەدا پێوەندیی بە (ژیان)ـەوە هەیە، سروشتی خۆی لە دەست نەداوە. زانیاریی هەڵەی نۆکاوفرۆشەکەمان هیچ زیانێک ناگەیەنێت، بەڵام زانیاریی هەڵەی ئەم نووسینە بیرکردنەوە بە لاڕێدا دەبات.

ئایا (سدیق) تا ئێستا ناوی چەمکێکی هێناوە، کە ئێمە خۆمان پێشتر باسمان لێوە نەکردبێت؟ فیکری یەک فیلۆسۆف، یان هیی ڕەخنەدۆزێکی ئەدەبیی پێ ناساندووین، بڵێین ئەوە یەکەمجارە لە بارەیەوە دەخوێنینەوە؟ ئایا بەو زمانە میللییەی هەر ئەوانە ناڵێتەوە، کە خۆمان پێشتر نووسیومانن؟ دیارە دوای ئەوەی لە ناوەرۆکیانی بەتاڵ کردوون. دوای ئەوەی لە ئاوی میللییان هەڵدەکێشێت، ئینجا بۆمانی دێنێتەوە. دەکرا ئەو وەک ڕەخنەدۆزانی دی هەم چەند کتێبێکی گرنگی لە زمانەکانی دیکەوە وەربگێڕابوونایە و هەم ورد لەبارەی کۆمەڵێک چەمکەوە بینووسیایە، کەچی ئەوەتە نەیتوانیوە بە زمانی خۆی پەرەگرافێکی هێندە ڕووکەش دابڕێژێت!

ئەوە یەک پەرەگرافە لەو گوتارەی. ئایا لە خۆی ڕادەبینێت تەواوی گوتارەکەم بۆ بنێرێت، تا بەم شێوەیە بیخوێنمەوە؟

ئێستا دوو پرسیاری زۆر سادە دەکەین، کە تەواو لە ئاستی پەرەگرافەکەدان: ئایا مەرجە هەر کەسێک زۆر کتێب بکڕێت، خوێنەرێکی قووڵ بێت؟ بە لاکەی دیکەیشدا ئایا ناشێ کەسانێک کەم بخوێننەوە، بەڵام خاوەنی تێگەیشتنی زیندوو و فرەوان بن؟ ئەرێ مەرجە ئەوانەی لە دەرەوە کتێبیان پێ نابینرێت، لەماڵەوە نەیانبێت و نەخوێننەوە؟ ئایا زۆریی ژمارەی کتێب گرنگە، یان جۆری ئەو کتێبانەی دەخوێنرێنەوە؟ ئەوە هەڵەی لۆجیکییە و بە (Style over Substance Fallacy) ناسراوە. واتە هەڵەی لۆجیکیی زاڵکردنی شێوە بەسەر ناوەرۆکدا. ئەو کاتەیە، کە ڕووخساری بریقەداری شت فریومان دەدات. مرۆڤی ئێمە بێ ئەوەی وەک (سدیق) بانگەشەی ئەوە بکات (هایدیگەر) و فیلۆسۆفانی تری ناسیون، خۆی لەو هەڵە لۆجیکییە دوور گرتووە و گوتوویەتی: (هەر شتێک بدرەوشێتەوە، مەرج نییە زێڕ بێت). لە کتێبی منداڵیمدا نووسیومە بە مەبەستی فریودانی باوکم، بەردەوام کتێبی فێرگەم بە دەستەوە گرتووە، بێ ئەوەی هەر بیخوێنمەوە، کە ئەوەم بە شێوەیەکی دی لە چیرۆکی (جیهان لە فنجانی

قاوە)یشدا بە کار هێناوە. ئایا گوتار و کتێبی ئەو هەموو فیلۆسۆف و ڕەخنەدۆزەی لە بەرهەمەکانیدا ناوی هێناون، بوونەتە هۆی ئەوەی ئەم پەرەگرافە نەنووسێت؟ ئەرێ ئەگەر چوار دێڕی یەکێ لەو فیلۆسۆفانەی خوێندبێتەوە، ئەم پرسیارانە دەورووژێنێت؟ کوا کاریگەریی ئەو کتێبە کوردییانەی، کە پێی گوتووین داهێنانی مەزنن؟ ئایا نەیخوێندوونەتەوە، یان ئەوانیش لە هەمان ئاستی تێگەیشتنی خۆیدا نووسراون؟ با بڵێین دروست بۆی چووە و ئەو سێ شێوە خوێنەرەمان هەن. دەیەوێت چی بەو ئەنجامە بکات؟ ئەوە کێیە، پێویستی بە زانینی ئەم ئەنجامەیە؟ هەر بە ڕاستی گرنگە ئێمە ئەوە بزانین؟ ئەگەر وایە، سیخوڕانی ڕێژیمە سەرکوتکەرەکان لە پێش هەموومانەوە داهێنەرن، بەوەی دەیانەوێت بزانن کێ چی و چەند دەخوێنێتەوە.

لەو ماوەیەدا هەندێک خوێنەری ئاسایی کۆمەڵێک نووسین و ڤیدیۆی نووسەرانیان هەر بە مەبەستی پێکەنین بۆ ناردووم. هەندێکیان هیی (ئارام سدیق) و سێ دانەیان هیی (ئارام کاکەی فەلاح)ن، کە ئەگەر پێیان خۆشە بزانن ئەو بابەتانە چین، ئامادەم پێیان بڵێم. یەکێکیان ئەم پەرەگرافەیە، کە ئەوەتە قسەی لێوە دەکەین. هیی نووسەرانی دیکەیشیان ناردووە. ڕەنگە هەندێک نەزانن ئەمڕۆ لەلایەن خوێنەری وریا و چاوکراوەوە ئەو بابەتانەی، خۆیان پێیان وایە داهێنانی مەزنن، وەک نوکتە سەرنجیان دەدرێتێ و بۆ یەکتری دەنێرن. بۆ نموونە (دلێر سەلیم) ئەوە نزیکەی دوو دەیەیە خەریکی ئەم کارەیە. دیارە مەبەست لە نووسینی نووسەرە، نەوەک نووسەر خۆی، لە کاتێکدا هەر فیکرێک، ئینجا هیی سەرۆکی حیزبە، یان هیی سەرۆکی دەستگەیەکی کولتووری، هیی ڕۆماننووسی بەناوبانگە، یان هیی شاعیری ناسراو، بۆ ئەوەیە بکرێتە بابەتی نوکتە و پێکەنین. ئەوەی لە لای من نەکراوە و ناکرێت، گۆڕینی بوونی مرۆڤە بۆ بابەت، کە پێشتریش گوتوومە ئەوەی بوونی کەسێک دەکاتە بابەت، هاوکات بەوە ڕازییە بوونی خۆیشی بۆ بابەت بگۆڕێت.

ئایا بۆچوونی ئەو ڕەخنەگرە میللییە گرنگە، چ کاتێ پێتدا هەڵدەڵێت و چ کاتێ دەتشکێنێت؟ ئایا ئەو نووسەرانەی بە داهێنەری زانیون، هەر بە ڕاستی داهێنەرن؟ ئایا بەو تێگەیشتنەی هەندێک نووسەری وای وەک داهێنەر پێ نەناساندووین، کە بەرهەمەکانیان بۆ خوێنەری سەرەتاییش سادەن؟

(حسێن عارف) لە سەرەتای حەفتاکاندا چەند گوتارێکی لەبارەی شەپۆلی هۆشەوە نووسیون و کتێبێکی وەک (شەپۆلی هۆش لە ڕۆمانی نوێدا)ی (ڕۆبێرت هەمفری)ی بە خوێنەر ناساندووە، کە تا ئەمڕۆیش ئەو کتێبە بایەخی خۆی لە دەست نەداوە. پاش پەنجاودوو ساڵ (ئارام سدیق) بەم زمانە لەبارەی (چەمکی

خوێنەر)ـەوە دەدوێت! هەر لە سەرەتای حەفتاکاندا ئەدەبی ڕوانگە و گرووپی کفری چاو هەڵدێنن و لە بەرانبەریاندا کۆمەڵێک گوتاری ڕەخنەیی دەنووسرێن، کە بە هەموو سادەییی خۆیان، دەکرا ببنە سەرەتای گرنگ بۆ دامەزراندنی فیکری ڕەخنەیی، کەچی ئەوەتە (سدیق) لە دوای نیو سەدە و بە زمانی میللی، بگرە لە خوار زمانی ڕۆژانەی خەڵکیشەوە دەنووسێت! (حەمید عەزیز) لە ساڵی (١٩٧٩)دا کتێبی (سەرەتایەک لە فەلسەفەی کلاسیکی یۆنان)ی چاپ کردووە، کە نزیکەی دە ساڵ پێشتر وەک زنجیرەگوتار لە ڕۆژنامەی (هاوکاری)دا بڵاو کراوەتەوە.

ئەگەر بۆ ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو سەردەمە بگەڕێینەوە، کۆمەڵێک ڕیپۆرتاجمان بەر چاو دەکەون، کە بۆ ئەوە کراون، ئاخۆ کتێب چەند دەفرۆشێت و چەند جۆر خوێنەر هەن. لە خۆم ڕادەبینم بڵێم لەوەی (سدیق) جوانتر نووسراون، کە وەک توێژینەوەی ئەدەبی بڵاوی کردووەتەوە.

فیلمێکی کۆمیدیی میسری هەیە، ناوی (دۆکتۆر فەرەحات)ـە و (فەوزی جەزایرلی) ڕۆڵەکە دەبینێت. دەرهێنەری ئیتاڵی، (تۆگۆ میزراحی) لە ناوەڕاستی سییەکاندا دەریهێناوە، کە باس لە پیاوێکی هەژارە و بە هەڵە لە هۆتێلێکدا وەک وەرگێڕ وەردەگیرێت، لە کاتێکدا بەپێی لێکدانەوەی هاوسەری وشەی (ترجمان: وەرگێڕ) واتە قاپشۆر و خۆیشی هەر وا تێگەیشتووە. (دۆکتۆر حیلمی)یش لە لەندەن دەگەڕێتەوە و لەو هۆتێلە دادەبەزێت. داهێنانی زۆری لە بواری پزیشکیدا کردووە و ڕۆژنامەنووسان دەیانەوێت بیدوێنن، لە کاتێکدا دەزانن بە دزی گەڕاوەتەوە و بە ناوێکی خوازراویش لە هۆتێل دابەزیوە، بۆیە دەڵێن دیارە ئەو پیاوە سەیرەی ناوی (فەرەحات)ـە، لەو زیاتر، کەسی دی نییە. گفتوگۆی لەگەڵدا دەکەن و ئەویش وەڵامی سەیریان دەداتەوە، بەوەی هیچ شتێک لەبارەی پزیشکییەوە نازانێت و هاوسەریشی پێی گوتووە بەو مەبەستەی وەک قاپشۆر لەو هۆتێلەدا وەربگیرێت، پێویستە هەر شتێکی لێ دەپرسن، بڵێت دەزانێت و وەڵام بداتەوە. (دۆکتۆر حیلمی) بۆی دەردەکەوێت ئەو پیاوە بە شێوەیەکی زۆر پێکەنیناوی هەڵسوکەوت دەکات. ئینجا لە دوورەوە پێوەندیی دڵداریی لەگەڵ کچێکدا بەستووە، لە کاتێکدا لە لای ڕوون نییە، ئاخۆ کچە لە دڵەوەیەتی، یان لەبەر ناوبانگ و سامانەکەی دەیەوێت ببێتە هاوسەری. وای بە چاک دەزانێت ئەو پیاوە دەشتەکییە هەژارە لە جیاتیی خۆی بنێرێت، بەو مەبەستەی تاقیی بکاتەوە. هەر بە ڕاستی باوکی کچە پێی ڕازییە و خەڵکیش تەنیا لەبەر ئەوەی، گۆیە پزیشکە و خاوەنی سامانە، ڕێزی لێ دەگرن، بگرە سەرسامیی خۆیان لە ئاستی گوتە ساکارەکانیدا دەردەبڕن، لە کاتێکدا کچەکە هەست بە نائومێدی دەکات.

دیارە نامەوێت لەوە زیاتر لەبارەی فیلمەکەوە بدوێم، بەڵام مەبەستمە بڵێم، کە ئەمڕۆ لەناو دنیای نووسینماندا نموونەی ئەم (دۆکتۆر فەرەحات)انە زۆرن. جیاوازیی نێوان (دۆکتۆر فەرەحات)ی فیلمەکە و ئەوانەی خۆمان، ئەوەیە، کە ئەم بێ ئەوەی ویستبێتی، ئەو ڕۆڵەی پێ دراوە، لە کاتێکدا ئەوانەی ئێرە بە ئارەزووی خۆیان پێی گەیشتوون. (فەرەحات) کاتێ وەک وەرگێڕ وەردەگیرێت و بە ڕێکەوت لە هەندێک هەڵوێست ڕزگاری دەبێت، دەڵێت: (من وام دەزانی پیشەی وەرگێڕی زۆر سەختە، کەچی دەرکەوت تا بڵێی ئاسانە). بە ڕاستی ئەمڕۆ نووسین هێندە ئاسان بووە، کە ساڵانە دەتوانیت بە زمانی ڕۆژانەی خەڵک چەند کتێبێک بنووسیت و کەسانێکی زۆریش، وەک ئەوانەی بە گوتەکانی (دۆکتۆر فەرەحات) سەرسام بوون، پێیان سەرسام ببن. ناوەناوەیش بڵاوکردنەوەی پەرەگرافی لەم شێوەیە پێویستە. کۆمەڵێک لایک و کۆمێنتی جەماوەر بە دەست دەهێنێت و دەبێتە ناوێکی دیار. تۆیش کاتێ ڕووبەڕووی ئەم تێگەیشتنە دەبیتەوە، بە ناچاری دەبێت لەو ئاستەدا بدوێیت. ئایا دەکرێت چاو لەم نووسینانە بپۆشین، کە زانیاریی ساختە دەگەیەنن؟

***

**تەوەرەی دووەم:**

تیۆریی خوێنەر/وەرگر لە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی بیستەم لە فێرگەی کۆنستانس (Constance School)ی ئەڵمانیای خۆرئاوادا چاو هەڵدێنێت، کە (هانس ڕۆبێرت یاوس: Hans Robert Jauss) و (ڤۆلفگانگ ئایزەر: Wolfgang Iser) وەک دوو ڕەخنەدۆز و تیۆریستی ئەدەبی ڕۆڵی گەورە لە پێکهێنانیدا دەبینن. یەکەمیان بایەخی بە ئێستاتیکای وەرگر ( aesthetic of reception) و دووەمیان بە خوێنەری ناوەکی (implied-reader) داوە. ئەم دووانە و ئەوانەی تریش، کە دواتر ناویان دەهێنرێت، ئەگەر لە هەندێک ڕووەوە جیاواز بن، ئەوە لە گەوهەردا لەسەر ئەوە کۆکن، کە دەبێت خوێنەر بەهای پێ بدرێت و ئەو بەهایانەیشی بۆ بگەڕێنرێنەوە، پێشتر لەسەر حیسابی نووسەر، بگرە لەسەر حیسابی تێکستیشدا لێی سەندراونەتەوە.

پێویستە هەر لە سەرەتاوە بگوترێت ئێمە بە گشتی باسی چەمکی خوێنەر دەکەین و کەمتر ڕۆ دەچینە قووڵاییی تیۆرییەکانەوە، کە وەک پێشتر گوترا مەبەستمانە بە پلەی یەکەم ئەوە پێشان بدەین ئەم چەمکە چ قورساییيەکی لە لای فیلۆسۆف و ڕەخنەدۆزان هەیە، لە کاتێکدا ڕەخنەگری میللی تا ئاستی زمانی

تێگەیشتنی ڕۆژانەی خەڵک، بگرە خوارتریشی دابەزاندووە. خۆ ئەگەر پێویستی کرد بە تایبەت لەبارەی هەر یەکێ لەو تیۆرییانەوە قسەی زیاتر بکەین، ئەوە لە ئاییندەدا بە خۆشحاڵییەوە بۆ باسێکی لەم شێوەیە دەگەڕێینەوە. وەک گوترا پێشتریش لەو بارەیەوە کارمان کردووە.

بەوەدا ئەو تیۆرییە، یان دروستتر ئەو تیۆرییانە لە کتوپڕێکدا نەهاتوون، بەڵکوو لە کۆمەڵێک سەرچاوەی گەورەوە هەڵقوڵاون، ئەوە ناکرێت ئەگەر بە کورتییش بێت، ئاوڕیان لێ نەدەینەوە. ڕاستییەکەیشی وا پێویست دەکات تیشک بخەینە سەر بەشێک لەو سەرچاوانە، تا پتر قووڵایی چەمکەکەمان بۆ دەربکەوێت.

ئەو چەمکە هەر لە سەردەمی فەلسەفەی یۆنانیدا ئاماژەی پێ دراوە، بە تایبەتی لە لای (ئەریستۆ)، کە هەرسێ توخمی تێکست، نووسەر و وەرگری باس کردوون، لە کاتێکدا ڕۆڵی هەر یەکەیانی دەرخستووە. پێی وایە شاعیر لە لایەک بە حەقیقەت و واقیعەوە پێوەستە و لە لایەکی دی بە وەرگرەوە. ئەو لە کتێبی (هونەری شیعر)، لە چوارچێوەی شیعری شانۆییدا، کە پێوەستە بە تراجیدیا و کۆمیدیاوە، بایەخ بە چەمکی وەرگر و ئێستاتیکای وەرگر لە وەرگرتنی تێکست دەدات، بەوەی بینەرانی شانۆ ڕۆڵی گرنگ لە تاوتوێکردنی کاری هونەریدا دەبینن. لەچاوکردنەوە (Imitation) لایەنی دەروونی دەگرێتە خۆی، کە وروووژاندن و ناکاوی (Surprise) دەهێنێت. ئەوانە لە شێوەی ترس (fear) و بەزەیی (pity)دا دەردەکەون. بەوەدا ئەرکی شیعر ئەوە نییە واقیع ڕێک وەک ئەوەی هەیە، بگوازێتەوە، لێرەدا ناچاوەڕوانکراوی (unexpected)ی لێ دەکەوێتەوە، کە بە ورووژان و سەرسامییەوە پێوەستە. واتە بایەخ بە لایەنی چێژ دەدات، بەوەی لە ئێستاتیکادا بەرجەستەیە. لەبارەی ترجیدیاوە دەڵێت کۆتاییی دڵخۆشکەر (happy ending) دڵخۆشمان ناکات، بەو مانایەی وەرگر زیاتر بە ڕووداوی چاوەڕواننەکراو دەورووژێت و چێژ دەبینێت.

لانی کەم لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردووەوە تا ئەمڕۆ فیلۆسۆف و ڕەخنەدۆزان ئاوڕیان لەو چەمکە، چەمکی خوێنەر داوەتەوە و پێوەی خەریکن. (سارتەر) لە کتێبی (ئەدەب چییە؟)دا هەوڵی داوە بە شێوازی خۆی لە چەمکی خوێندنەوە بکۆڵێتەوە و دەپرسێت بۆچی دەنووسین؟ دەڵێت پرۆسێسی خوێندنەوە وا دەکات کاری ئەدەبی بێتە کایەوە. واتە بە هاوکاریی نووسەر و خوێنەر بەرهەم دێت. ناکرێت ئەوە لە بیر خۆمان ببەینەوە، کە بە گشتی ڕێبازە فەلسەفییەکان لە کۆتاییی سەدەی نۆزدەمەوە زەمینەیان بۆ دەرکەوتنەوەی خۆش کرد و وردەوردە دەستەڵاتی نووسەر خرایە ژێر پرسیارەوە، کە لە زمانی ئینگلیزیدا وشەی نووسەر (Author) بە وشەی دەستەڵات (Authority)ـەوە پێوەستە. بۆ

نموونە لە بیرۆکەی (مەرگی خواوەند)ی (فریدریک نیتشە)وە بیرۆکەی (مەرگی نووسەر) لە لای (ڕۆلان بارت) و (میشێل فۆکۆ) دێتە کایەوە، کە (بارت) لە (مەرگی نووسەر)دا دەڵێت پێویستە لەدایکبوونی خوێنەر لەسەر حیسابی مەرگی نووسەر بێت. لە کتێبی (چێژی تێکست)دا پێی لەسەر دادەگرێت، کە خوێنەر لە جیاتیی ئەوەی ببێتە بەکاربەری تێکست، دەبێتە بەشدارێکی چالاک لە بەرهەمهێنانیدا. پێوەندییەکەی بە تێکستەوە وەک پێوەندیی دڵدارە بە دڵبەرەکەیەوە. (بارت) بەم شێوەیە خۆی وەک خوێنەر پێناسە دەکات: (من عاشقی زمانم، کەواتە عیشقی خۆم بۆ نووسراو ڕادەگەیەنم). خوێنەر لە ڕێگەی چێژەوە یاخی دەبێت و لە یاسا دەردەچێت، بەوەی خاوەنی خوێندنەوەیەکی جیاوازە. بۆیە چێژ دەبینێت، چونکە تاکە و خاوەنی جەستەی خۆیەتی. لە کتێبی (ڕەخنە و حەقیقەت)دا پێی وایە ئەوە تەنیا خوێندنەوەیە شەیدای کاری ئەدەبییە و پێوەندیی شەهوەتئامێزی لەگەڵ دادەمەزرێنێت. کاتێ دەخوێنینەوە، مانای وایە شەهوەتمان بۆ کاری هونەری بزووا‌وە. هەروەها دەڵێت نووسین بنەبڕکردنی هەموو دەنگ و سەرچاوەیەکە، ئەو بێلایەنییەیە، ئەو پێکهاتە و پێچ (oblique)ەیە، کە خودە چالاکەکانمانی تێدا وێڵ دەبن. ئەو ڕەشایی و سپێتییەیە، کە هەموو شوناسێکی تێدا ون دەبێت، لە شوناسی ئەو جەستەیەوە دەست پێ دەکات، کە دەنووسێت. مەبەستی ئەوەیە ئێمە نازانین کێیە لەناو تێکستدا، واتە لەو شوێنە بێلایەنەدا دەدوێت. پێشتر هەم (ستیفان مالارمێ) و هەم (پۆول ڤالێری)یش بە شێوەیەک لە شێوەکان (دانەر)، یان (نووسەر)یان بە گرنگ نەزانیوە. (فۆکۆ) خۆی (بوونی زمان) دەخاتە پێش ( existential primacy of language) مرۆڤەوە، بەو مانایەی زمان لە مرۆڤدا دەدوێت، بۆیە لە ڕاڤەکردنی چەمکدا، گەڕانەوە بۆ نووسەر بە پێویست نازانێت، بەوەی لەناو تۆڕی فرەوانی چەمکەکاندا ئەو مرۆڤە هەر ونە. ئەوە چەمکەکانیشن (خود)یان پێک هێناوە، نەوەک (خود) ئەوانەی دروست کردبن، کە (بارت) جەخت دەکاتەوە هەر تێکستێک لە کۆمەڵێک تێکستی دی وەرگیراوە، بۆیە لەوەی دوور دەخاتەوە بە پێوەری ڕەوشت بخوێنرێتەوە، لە کاتێکدا بکەرەکەی بە لاوە نراوە. واتە لەگەڵ ئەوەدا نییە بگوترێت، ئاخۆ ڕاستە، یان درۆیە، کە ئەوەیشە وا دەکات تێکست لە نووسەر داببڕێنرێت و توانای ئەوەی هەبێت دەقئاوێزان (intentionality) پێک بهێنێت. بەردەوام پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت، کە مەرگی نووسەر، واتە لەدایکبوونی خوێنەر. مەبەستی ئەوەیە کاتێ نووسین بە هیی نووسەر دەزانین، ئەوە سنووری بۆ دادەنێین و مانای کۆتاییی پێ دەدەین. لێرەدا بایەخ بە کرانەوەییی تێکست دەدات، بەو مانایەی ئەو تێکستە نەکرێتە ڕووبەرێک بۆ حوکمی ڕەها و ئاڕاستەکان لە خاڵێکدا کۆتاییان نەیەت، بۆ ئەوەی خوێندنەوە ببێتە کارێکی داهێنەرانە و بەشداریی خوێنەر لەو پرۆسێسەدا

دەربکەوێت. (هیچ حەقیقەتێکی بابەتی و خودی بۆ خوێندنەوە نین، بەڵکوو تەنیا حەقیقەتێکی یاریکەر هەیە). ئەو حەقیقەتە یاریکەرە چەسپاو نییە و لە جووڵەدایە، کە دەکرێت هەر خوێنەرێک بە شێوازی خۆی لێکی بداتەوە. ئەو حەقیقەتە یاریکەرە یارمەتیمان دەدات دوالیزمەکان تێبپەڕێنین.

(جیل دولووز) بە شێوازی خۆی ڕەخنە لە دەستەڵاتی نووسەر دەگرێت، کە لە شێوازی نووسینی کلاسیکدا بەرجەستەیە، بەوەی شێوەیەکی چەسپاو و تاکڕەهەندە. لە کتێبی (هەزار بان: A Thousand Plateaus)دا، کە بە هاوکاریی (فلێکس گواتاری) نووسیویەتی، هەوڵ دەدات لە ڕێی چەمکی ڕایزۆم (rhizome)وە، دروستتر لە ڕێی (نووسینی ڕایزۆمییانە: rhizomatic writing)ـەوە ڕووبەڕووی لۆجیکی درەخت ببێتەوە. ( ڕایزۆم، یان ڕایزەم، یانیش ڕیزوم، ڕووەکێکە لەسەر زەویدا دەردەکەوێت و ڕەگی نییە). پێیان وایە دوالیزمی درەخت/ڕەگ لە دنیا و نووسینیشدا ڕەنگی داوەتەوە. نووسین وەک درەخت سەرەتایەکی هەیە و دەگاتە کۆتایی. درەخت خاوەنی ڕەگ، لق، گەڵا و بەرهەمە. نووسینی کلاسیک وەک خۆیان ناوی دەنێن، لاساییکردنەوەی درەختە. لە درەختدا ڕەگ هەیە و لە نووسیندا گرفت. درەخت لە ڕێی لق و گەڵاکانیەوە بڵاو دەبێتەوە، نووسینیش بە هۆی ڕاڤەکانیەوە. درەخت بەر دەگرێت و نووسینیش ئەنجام بە دەست دێنێت. بەم شێوەیە (دولووز) و (گواتاری) دەیانەوێت ئەو لۆجیکە تێک بشکێنن، کە تەنیا چەسپاوی و وەستان بەرهەم دێنێتەوە. سەرجەم بوارەکانی بایۆلۆجی، سیاسی، ئابووری و ئەوانەی دیکەیش بەپێی ئەو لۆجیکەی درەخت بە ڕێوە دەچن، لە کاتێکدا شتەکە لە سروشتدا جیاوازە، بەوەی سروشت پێچەوانەی فیکر، ڕێی ئەو دوالیزمە نادات، تێیدا کار بکات، لە کاتێکدا خاوەنی خەسڵەتی دینامیکییە. درەخت شێوەیەکی دیاریکراوی هەیە، کە شاقووڵییە، بەڵام ڕایزۆم ئاسۆییانە دەکشێت و قووڵایی نییە، بەڵکوو لەسەر زەویدا بڵاو دەبێتەوە. واتە هیچ شتێک ناشارێتەوە، کە مەبەستی (دولووز) و (گواتاری) مێتافیزیکە. ناونیشانی کتێبەکەیش (هەزار بان)، یان (هەزار ڕوو)ـە. ڕایزۆم خاوەنی پرینسیپی گەیاندن و جۆراوجۆری (Principles of connection and heterogeneity)یە، بەو مانایەی پێویستە شتەکان (چەمکەکان) جیاواز و هەمەڕەنگ بن، بۆیە پێچەوانەی درەخت بە هەموو لایەکدا دەجووڵێت و لقی جۆراجۆری لێ دەبێتەوە. کتێب تەواو بووە و داخراوە، لە کاتێکدا ڕایزۆم بەردەوامە و بەسەر هەموو ئاڕاستەکاندا کراوەیە، کە هەر خاڵێکی دەگریت، پێوەندیی بە خاڵێکی تریەوە هەیە و هەر خاڵێکی ئێرە بە خاڵێکی ئەوێ دەگاتەوە، بۆیە پێچەوانەی درەخت سەنترالیزمی تێدا ونە. ڕایزۆم ئەگەر لە خاڵێکدا بپچڕێت، دەست پێ دەکاتەوە، کە ئەو خەسڵەتە لە

درەختدا نییە. بەم شێوەیە پێچەوانەی درەخت، لە بەردەم هەر گۆڕانکارییەکدا کراوەیە و ڕێ دەدات دەستکاریی بکەیت. ئەوان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دۆخی مۆدێرنیزم، کە لەسەر بنەمای بیری دژبەیەک (Binary thinking) دامەزراوە، ڕێی ڕایزۆمییانە (rhizomatic approach) دەگرنە بەر، بەوەی شتەکان هەموو کاتێ پێوەندیی ڕایزۆمییانە ( Rhizomatically interconnected)یان پێکەوە هەیە و ئاماژە بە هەمەڕەنگی دەدەن. ئەوە لە لایەک وەستانەوەیە لە دژی پرینسیپی هۆکار و ئەنجام، کە لە درەختدا بەرجەستەیە، بەوەی سەرەتا و کۆتاییی هەن، لە لایەکی دیکە بەلاوەنانی سیستەمی کرۆنۆلۆجییە، بەو مانایەی کولتوور بەرەو ئامانجی دیاریکراو ناچێتە پێشەوە، بەڵکوو کۆچەرییانە ڕێ دەگرێت. ئەو تێگەیشتنە، کە مەبەستیەتی شێوازی نووسین بگۆڕێت و دەرگەکانی بەسەر دەرەوەدا بکاتەوە، مانای دەرکەوتنی خوێندنەوەی جیاواز و بەشداریی خوێنەرە لە کاری هونەریدا. نووسەر و خوێنەر پێوەندیی ڕایزۆمییانەیان پێکەوە هەیە. نووسینی ڕایزۆمییانە جووڵەیەکی ڕووالاییانە (arbitrary)یە و ئامانجی دیاریکراوی نییە، وەک چۆن خوێندنەوەی ڕایزۆمییانە ئازادە و گوێ بە هیچ یاسایەک نادات.

سەرەڕای ئەو بایەخە گەورەیەی (بارت) و ئەوانەی دی بە خوێنەری دەدەن، کەچی هێشتا لای تیۆریستانی تیۆریی وەرگر (reception theory) کەمە، بەوەی زیاتر بۆ تێکست ئاڕاستە کراوە. لێرەوە کۆمەڵێک ڕەخنەدۆزی وەک (هانز ڕۆبێرت یاوس)، (ولفگانگ ئایزەر)، (ئومبێرتۆ ئیکۆ)، (جاک ڕیفاتێر) و هیی دیکە پێوەی خەریک دەبن و لەم ڕووەوە چەند چەمکی وەک (خوێنەری ناوەکی)، (خوێنەری نموونەیی)، (خوێنەری باڵا)، (خوێنەری ڕاستی) و زۆری تر دێنە کایەوە. هەر لەم نێوەدا ناکرێت چەمکی هەڵوەشاندنەوەی (جاک دێریدا) فەرامۆش بکەین، کە ئەو فیلۆسۆفە بە شێوازی خۆی بایەخ بۆ خوێنەر دەگەڕێنێتەوە. هەر ئەوەی ڕەخنە لە مێتافیزیکای ئامادە ( metaphysics of presence)، یان (سەنترالیزمی عەقڵ) (Logocentrism) دەگرێت، مانای وایە مەبەستی تێکشکاندنی دەنگی نووسەرە، تا دەنگی خوێنەر دەربکەوێت. پێی وایە هەمیشە لە ئاستی تێکستەکاندا ڕووبەڕووی دوالیزمە دژەکان ( Binary Oppositions) دەبینەوە، وەک ڕۆح/ جەستە، عەقڵ/ ناعەقڵ، قسە/ نووسین، گەرم/ سارد، ڕەش/ سپی، ژیان/ مردن، چاک/ خراپ، جوان/ ناشیرین و زۆری تر، کە مێتافیزیکا لەو ڕێگەیەوە مانای پێشوەختی خۆی دەسەپێنێت، مانایەک، وا خۆی دەردەخات قەوارەیەکی یەکگرتوو (Coherent) و هاوتوخم (Homogeneous)ی هەیە و بووەتە سەنترالی عەقڵ، دواجار لە شێوەی حەقیقەتێکی نەگۆڕدا دەردەکەوێت. لەم دیدگەیەوە نووسەر/خوێنەر وەک

دوالیزم سەیر کراون و دووەم لە ڕێی یەکەمەوە بە بیر هاتووەتەوە، بەڵام بە پلەیەکی نزمتر، کە تێکشکاندنی ئەو سەنترالیتییەی نووسەر، گەڕاندنەوەی بەهایە بۆ خوێنەر. لە کتێبی (نووسین و جیاوازی)دا بە شێوازی خۆی جەخت لە چەمکی یاری دەکاتەوە، بەو مانایەی یاری بۆ خودی خۆی دەگەڕێتەوە، کە یاریی بەردەوامی ماناکان سڕینەوەی سنووری نێوان چەمکەکان و دەرکەوتنی ڕاڤەکانە، تا لەوێوە هەر ڕاڤەیەک بتوانێت تێکستەکە بە شێوەی خۆی پێک بهێنێتەوە (reshaping). پێی وایە (هیچ شتێک لە دەرەوەی تێکستدا نییە)، بەو مانایەی تێکست لە هەموو سەرچاوەکانی دەرەوەی خۆی دابڕاوە. پڕە لە دژایەتی، دوورە لەوەی چەسپاو بێت و هیچ چەق (سەنترال)ێکیشی تێدا نییە. بەم شێوەیە کراوەیە و بە خاڵی کۆتایی ناگات، کە هەر خوێنەرێک بە ڕێگەی خۆی دەیخوێنێتەوە. واتە ئەوە خوێنەرە مانا بە تێکست دەبەخشێت و هەر ئەویشە مانای جیاواز بەرهەم دەهێنێت. لە ڕێی یاریی بێکۆتایی ( infinite play)یەوە ڕاڤە بێکۆتایی (infinite interpretations)ـەکان دێنە دی و نادیار (absence) دەردەکەوێتەوە، بەوەی ئەو پرۆسێسە کارلێکی نێوان دیار و نادیار پێک دەهێنێت.

هەر بەگشتی تەوژمە ڕەخنەیییەکانی پۆستمۆدێرنیزم بە گشتی و پۆستسترەکچرالیزم بە تایبەتی وەک هەڵوەشانەوە (deconstruction)، هێرمۆنتیکا (hermeneutics)، ئاماژەناسی (semiology) و تیۆریی وەرگر (reception theory) بایەخیان بە وەرگر، یان خوێنەر داوە.

تیۆریستانی تیۆریی وەرگر بە گشتی ئەو بۆچوونەیان بە لاوە نا، کە پێی وایە تێکستی ئەدەبی ڕەنگدانەوەی ژێرخانە، بەو مانایەی بونیادی تێکست لەگەڵ بونیادی کۆمەڵایەتیدا هاوڕێکە. ئەو تێگەیشتنە بایەخ بە ژیاننامەی نووسەر دەدات و مەبەستیەتی لە بارودۆخی مێژوویی و کۆمەڵایەتیی بکۆڵێتەوە. بە مانایەکی دی، ڕەهەندی ئامانجداری (teleological dimension) بایەخی یەکەمی هەیە، کە دەیەوێت هونەر بە بارودۆخی کۆمەڵایەتییەوە گرێ بدات و هەر لەوێیشەوە لێکی بداتەوە.

****

ئێستا دەگەینە ئەوەی بڵێین تیۆری، یان تیۆرییەکانی وەرگر لە خوێندنەوە، پێداچوونەوە و ڕەخنەی بۆچوونەکانی پێشووی ئەو ئاڕاستە ئەدەبی و فەلسەفییانەوە هاتوونەتە کایەوە و گەشەیان کردووە. دەکرێت لەم ڕووەوە ئاماژە بە هەندێک سەرچاوەی دیکەیش بکەین:

فۆرمالیستەکانی ڕووس ئیلهامبەخشی ئەو تیۆرییانەن. ئەوان لە چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەمدا دەرکەوتن. بەوەدا پێیان وایە ئەدەب بەرهەمێکی سەربەخۆیە (AutonomousProduct)، ئەوە شێوە بایەخی بەرچاوی هەیە و هەموو کاریگەرییە دەرەکییەکان بە لاوە دەنێن، بەوەی ئەوانە بە ناوەرۆکەوە پێوەستن، لە کاتێکدا ئەوان ناوەرۆک دەدەنە دواوە. واتە فاکتەری مێژوو، کۆمەڵایەتی، ئابووری، سایکۆلۆجی و ئەوانەی دیکە بە گرنگ نازانن، بۆیە دژی ئەو تیۆرییە وەستانەوە، کە (جۆرج لۆکاچ) نوێنەرایەتیی دەکرد و وا لە ئەدەبی دەروانی، ڕەنگدانەوەی واقیعە. ئەوە دەخەنە ڕوو، کە مێژووی شێوازە ئەدەبییەکان لە مێژووی واقیعەوە دەگوازرێتەوە. واتە ئەو ئاستە چییە شێوەی هونەر پێی گەیشتووە؟ نەوەک ئەو هونەرە چۆن دامەزراوە؟ بەم شێوەیە لە لای ئەوان ئەدەب هیچ پەیامێکی کۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆجیی نییە. هەر لەم دیدگەیەوە چۆنیەتیی پارچەپارچەکردنی ڕووداو و داڕشتنەوەی لە ئاستی هونەریدا گرنگە، نەوەک خودی ڕووداوەکە خۆی. لێرەوە بایەخی خۆیان ئاڕاستەی ئەو بابەتانە کرد، کە بە بونیاد و زمانەوانی (Linguistics)یەوە پێوەستن، تا گەیشتنە ئەوەی زمانی ڕۆژانە تێک بشکێنن و بیخەنە ئاستێکی دیکەی جیاوازەوە. دیارە هەر بایەخێک بە وردەکارییەکانی زمان، هاوکات بایەخە بە شیعریەتیش. بەم شێوەیە فۆرمالیستە ڕووسەکان بایەخیان بە تێکست دا، کە دواتر لای (بارت) و ئەوانەی تر ئەو بایەخە زیاتر کرا، تیۆریستانی تیۆریی وەرگریش سوودیان لەو ئەزموونانە وەرگرت.

فینۆمینۆلۆجیای (هۆسێرل) سەرچاوەیەکی دیکەی گرنگی تیۆریی خوێنەرە. فینۆمینۆلۆجیا واتە ئەوەی ڕاستەوخۆ لە هەستدا دەردەکەوێت. تەنیا ئینتیوشن (حەدەس) هەیە، نە بیرکردنەوە لە ئارادایە و نە حوکم. لێکدانەوەی واقیع وەک ئەوەی لە هۆشیاریی ئێمەدا دەردەکەوێت، بەڵام هەر هۆشیارییەک بریتییە لە هۆشیاری لەبارەی شتێکەوە. کاتێ بیر دەکەمەوە، ئەوە بیرم لەم دۆخەدا ئاماژە بە شتێک دەدات. واتە پێوەندییەکی ناوەکی لەنێوان پرۆسێسی بیرکردنەوە و بابەتی بیرکردنەوەدا هەیە، بەو مانایەی هەستی من بە شێوەی نەگەتیڤ شتەکانی دەرەوەم تۆمار ناکات، بەڵکوو وێنەیان دەکێشێت. کەواتە زانینی ئەو شتانە لەوەوە دێتە کایەوە، کە بەر هەستم دەکەون. ئەو شتانە بوونەتە دیاردە و کاریان تێ کردووم. ئەو هۆشیارییە لە لای ئەو هەمیشە مەبەستگەرا (ئینتێنشنالیتی: intentionality)یە، بەوەی ڕووی لە بابەت (object)ە. بەم شێوەیە مەبەستگەرایی واتە گۆڕینی دیاردە دەرەکییەکان بۆ بابەتی مەبەستدار، بەو مانایەی بابەت تەنیا بە بڕی مەبەستی هۆشیاری دەردەکەوێت و لە ڕێی کرداری هۆشەکییەوە بۆ ئەو بابەتە ئاڕاستە دەبێت، کە مەبەستە. لێرەوە چەمکی

ترانسیێندەنتەل (transcendental) دەردەکەوێت، کە مانا لە هەستدا بە شێوەی بێگەرد پێک دێت. واتە کاتێ لە دنیای ماتێریەلی دەرەکییەوە بۆ دنیای بێگەردی ناوەوە دەپەڕێتەوە. ئەو مانایە تایبەتە بە تاک و خەسڵەتەکانیشی هەر تایبەتن بەو تاکە، بە ڕادەیەک هیچ شتێکی دەرەکی لە بەرچاو ناگیرێت. بەم شێوەیە ترانسیێندەنتەل وا دەکات بابەتی هەستپێکراو (object perceived) لەو شتانە دوور بخرێتەوە، کە پێوەی پێوەستن، بەو واتایەی تێگەیشتنی دیاردە ملکەچی توانای خودی و هەستی بێگەردی تاکە. واتە ڕوانین لە خودەوە بۆ بابەت، بەو مانایەی لە دەرەوەی چوارچێوەی خودزانین (self-perceived)دا نە هیچ زانین و تێگەیشتنێکی بابەتییانە و نە هیچ دیاردەیەک لە ئارادایە. هەر مانایەک پوختەی تێگەیشتنی بێگەردی ئەو تاکەیە، کە وەک گوترا ئەمە بە ترانسیێندەنتەل ناو دەبات.

پێویستە بگوترێت فینۆمینۆلۆجیا هەر لە بنەڕەتەوە لە ڕەخنەگرتن لە کۆجیتۆی (دیکارت)ـەوە سەری هەڵدا، کە (هۆسێرل) پێی وایە داخراوە و لە بەرانبەردا پێ لەسەر هۆشیاریی مەبەستگەرا دادەگرێت. کاتێ باس لە هۆشیارییە، وەک ئەوەیە باس لە خودیش بێت، کە پێی وایە لە زانستەکانی ئەمڕۆدا ئەو خودە لە بیر کراوە. ئەمە بۆ نووسەری ئەدەبی گرنگە. ئەوە مێتۆدی ڕەخنەیە لە مەعریفە. لێرەوە ئەو هۆشیارییە سروشتییە وێنە بەرهەم دەهێنێت، کە (هۆسێرل) بە فەنتازیا ناوی دەبات و خەیاڵێکی ئازادانەیە، بۆیە ئەو دیاردەیە زیاتر بەو مانایەیە، کە لە خەیاڵدا پێک دێت، نەوەک لە ئاستی فیزیکدا، بە مەرجێ ئەویش دەگرێتەوە. گەڕانەوە بۆ سەرەتا و بنەمای مەعریفە، کە لێرەدا بە شێوەیەک لە شێوەکان بە هەڵگێڕانەوەی بەهای (نیتشە) دەگاتەوە. کەواتە فینۆمینۆلۆجیا لە ڕێی هۆشیاری و ئەزموونی مرۆڤەوە ئەوەی هەیە، دەخوێنێتەوە، بێ ئەوەی پەنا بۆ دەرەوە ببات. بەم شێوەیە فینۆمینۆلۆجیا پێچەوانەی زانستی سروشتی و بەشێکی زۆری زانستی کۆمەڵایەتییش ڕاڤەی خۆی لە خودەوە دەست پێ دەکات و بۆ دنیای دەرەوە ئاڕاستە دەبێت، نەوەک لە دنیای دەرەوەوە بەرەو خود بچێت. ڕاستییەکەی پێشتریش گوترا وەک کاردانەوەیەک لە دژی فەلسەفەی عەقڵ هاتە کایەوە، کە دەیویست حەقیقەتی ڕەها دابمەزرێنێت. بەپێچەوانەوە هەوڵی دا حەقیقەت لەو ڕەهاییە دابماڵێت و بە شێوەی ڕێژەیی مامەڵە لەگەڵ شتەکاندا بکات، کە لێرەوە ئەدەب بە سروشتی خۆی لەگەڵیدا ڕێک دەکەوێت. پێی وایە زانینی تەواوی جیهان بەوە نایەتە دی، هەوڵ بدرێت شتەکان لە دەرەوەی خوددا ڕاڤە بکرێن، بەڵکوو بەوە دەبێت خود خۆی شی بکرێتەوە، کە ئەو جیهان دەناسێت.

ناکرێت باس لە فینۆمینۆلۆجیای (هۆسێرل) بکەین، ئەگەر هاوکات بۆچوونەکانی (ڕۆمان ئینگاردن)ی لە بەرچاو نەگرین. ئەوەی لەم ڕووەوە (ئینگاردن) لە (هۆسێرل)ی تێدەپەڕێنێت، ئەوەیە، کە بایەخ بە ئۆنتۆلۆجیای فینۆمینۆلۆجی دەدات و ڕوو لە فەلسەفەی هونەر دەکات، بەو مانایەی دیاردەی هونەری مرۆڤ بە دنیای واقیعەوە گرێ دەدات، تا لەوێ ئامانجەکانی بێنێتە دی. وەک چۆن لە دیدی (هۆسێرل)دا فینۆمینۆلۆجیا مرۆڤ بە گەردوون دەبەستێتەوە، بە مەرجێ دەرەوە بریتی نییە لە شتگەل و واقیعێکی ئامادەکراو، (ئینگاردن)یش پێی وایە کاتێ لە هەر دیاردەیەک دەکۆڵینەوە، پێویستە لە هەموو ئەو شتانەی دوور بخەینەوە، کە پێوەی پێوەستن. واتە بەلاوەنانی ئەو بۆچوونانەی پێشوەخت لەو بارەیەوە هەمانن. ئەوە ڕوانینێکی ئێستاتیکییانەیە بۆ کاری هونەری. ڕەخنە لە (هۆسێرل) دەگرێت لەوەی پێوەندیی بە ئایدیالیزمی ترانسێندەنتەل (Transcendental idealism)ەوە هەیە، کە پێی وایە مەرج نییە فینۆمینۆلۆجیا هەر بەئایدیالیزمی ترانسێندەنتەل بگات. لەم ڕووەوە هەوڵ دەدات بۆچوونەکانی (هۆسێرل) تێبپەڕێنێت، کە لەو تێپەڕاندنەدا دۆخی هەندێک لەو چەمکانە دەگۆڕێت، بەوەی پێی وایە ئەو تێگەیشتنی دروستی بۆیان نەبووە. بەر لە هەرچی ئەو ترانسێندەنتەلەی (هۆسێرل) دەخاتە ئاستی پراکتیزەی کاری ئەدەبییەوە، کە ئەوەیان بریتییە لە کارلێکی نێوان بونیادی تێکست و کرداری تێگەیشتن. ئەو دوالیزمەی واقیع و ئایدیال لە ڕاڤەی مەعریفەدا دەداتە دواوە. لەم نێوەدا چوار چین دەردەخات: یەکەم، دەنگی وشە. دووەم، مانای وشە. سێیەم، ئەو شتانەی تێکست نوێنەرایەتییان دەکات. چوارەم، نەخشەگەرایی. (ئینگاردن) هەر لە سێیەکانەوە بایەخ بە پێوەندیی نێوان تێکست و خوێنەر دەدات، کە پێی وایە مادام تێکست وەک پڕۆژەیەکی ئاماژەیی و جوانکاری بە تەواوی لە نووسەرەوە نایەت، ئەوە خوێندنەوە، (خوێندنەوەی چالاکی مەبەستە)، دەتوانێت بۆشاییەکانی پڕ بکاتەوە. واتە ئەوە خوێنەرە مانا بە تێکست دەبەخشێت، بەوەی لەسەر شێوازی خۆی هەوڵی پڕکردنەوەی بۆشاییەکان دەدات و لەو ڕێیەوە کاری هونەری پێک دەهێنێت.

لە فینۆمینۆلۆجیادا فیکر و بوونی دیاردەی شت پێک دەبەسترێنەوە، بەو مانایەی خود و بابەت لە ڕێی دایەلۆگەوە کار لە یەک دەکەن، بە ڕادەیەک نەتوانرێت ئەمیان لەویان جودا بکرێتەوە، کە ئەمە زەمینە بۆ لەدایکبوونی مانا خۆش دەکات. ئەوە هەمان پرۆسێسی خوێندنەوەی تێکستە لەلایەن خوێنەرەوە، کە لە ڕێی تێگەیشتن و ڕاڤەوە مانای نوێ بەرهەم دێنێت. لەو نێوەدا ئێستاتیکا دەردەکەوێت. خوێندنەوە بەو مانایەی خود و تێکست لە بابەتدا یەک دەگرن، تا تێگەیشتن و ڕاڤە لە دایک ببن.

هێرمۆنتیکای (هانز جۆرج گادامێر)یش سەرچاوەیەکی دیکەی گرنگی تیۆریی خوێنەرە. لە دیدی ئەو فیلۆسۆفەدا هێرمۆنتیکا بریتییە لە تێگەیشتن و ڕاڤەی مانا. لەو ڕێیەوە بایەخی مێژوو لە بەرچاو دەگرێت، بەوەی بەرهەمهێنانەوەی مانا و دامەزراندنی مانا دەگرێتە خۆی. لەم ڕووەوە چەمکی پێکبەستنەوەی ئاسۆیی (Fusion of horizons) بە کار دەهێنێت، تا ئەوە پێشان بدات تێگەیشتن توانای هەیە ڕابردوو و ئێستا پێک ببەستێتەوە، بگرە بیانکاتە یەک، چونکێ بەبێ ڕابردوو ئێستا نایەتە کایەوە، ئەوە ئێستایشە وا دەکات ڕابردوو هەبێت. بەم شێوەیە (ئێستا) دۆخی خۆی جێ دەهێڵێت و بە (ڕابردوو) دەگات، بگرە بەها بەو (ئێستا)یە دەبەخشێت، تا تێگەیشتن دروست ببێت. لەنێوان گەیەنەر و وەرگردا ئەو تێگەیشتنە بە ڕوونی دەردەکەوێت. بە هەمان شێوە خوێنەر لە خوێندنەوەی تێکستدا ئەو تێگەیشتنە پێک دەهێنێت، کە وەک گوترا بە (پێکبەستنەوەی ئاسۆیی) ناوی دەبات. لەو پرۆسێسە هاوبەشەدا خوێنەر مانا بە تێکست دەبەخشێت و تێکست مانا بە خوێنەر دەگەیەنێت. جەخت لەسەر خودی خوێنەر دەکاتەوە وەک هێزێکی کاریگەر لە تێگەیشتن و ڕاڤەکردنی مانادا. تێگەیشتن کردارێکی مێژووییانەیە و بە درێژاییی کات پێوەندیی دایەلۆگییانەی تێکستەکان لە خۆی دەگرێت. لێرەدا بایەخی (گادامێر) بە مێژوو لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە پێی وایە تێگەیشتنی هەر فاکتێک، بەستراوەتەوە بەو ئەنجامانەی لێیەوە هاتوون، چونکێ مێژووی ئەو ڕاڤە و ئاماژە تایبەتانەی بە ڕووداوێک، یان بە کارێکەوە پێوەستن، توانامان پێ دەبەخشێت وەک ڕاستییەک و بە شێوەی جیاواز لەوەی هاوچەرخەکان لێی تێگەیشتوون، لێی تێبگەین، کە خاوەنی خەسڵەتی فرەمانابییە. ئەوە کەی؟ کاتێ کارەکە تەواو بووە و بووەتە ڕابردوو. لێرەدا ئەزموونی ژیانی تایبەتی تاک بڕیار دەدات چۆن هەست بە بابەتەکانی دەرەوەی بکات. بەم شێوەیە مێژووی ئەو تاکە لەو تێگەیشتنەدا ڕۆڵی هەیە، کە ئەو ئەزموونەی بۆ پێک هێناوە. هەر مانایەک پابەندی هەڵوێستی مێژووییانەی ئەو کەسەیە، کە کرداری ڕاڤەی کارەکە دەگرێتە ئەستۆ، بەوەی هەر ڕاڤەیەکی ئەدەبی ڕابردوو، لە دایەلۆگی نێوان ڕابردوو و ئێستاوە هەڵدەقوڵێت. بەم شێوەیە ڕاڤە توانای هەیە ڕابردوو ملکەچی تێگەیشتنی تایبەتی خود بکات، بەوەی ئەو خودە پێوەندیی بە ڕابردووەوە نەپچڕاوە و تێگەیشتنی ئەو ڕابردووەیش تەنیا لە ڕێی فاکتەکانی ئەم ئێستایەوە بە دەست دێت.

ئەو تێگەیشتنەی (گادامێر) بۆ مێژوو بووە یەکێک لە کۆڵەگەکانی تیۆریی وەرگر/خوێنەر. تیۆریستانی ئەو تیۆرییە، بە تایبەتی (یاوس) بایەخی مێژوو لە بەرچاو دەگرن. ئەگەر سترەکچرالیزم گرنگیی بە هاوکاتی (synchronicity) دەدا و لەوێوە دەیڕوانییە زمان، بەوەی هەموو فاکتەرێکی دەرەوەی تێکستی بە

لاوە دەنا، گۆیە ڕایەڵی پێوەندییەکانی ناوەوەی تێکست خۆیان حەقیقەتی خۆیان دادەمەزرێنن، بێ ئەوەی پەنا بۆ هیچ سەرچاوەیەک ببەن، ئەوە تیۆریی وەرگر/خوێنەر مێژوو بە پێکهاتەیەکی گرنگی ئەو پێوەندییە دادەنێت، بەوەی هەم نووسەر و هەم خوێنەر دەگەنەوە تێکستەکانی پێشوو، کە بە هەمان ڕەگەزی ئەدەبییەوە پێوەستن. پێویستە لێرەدا بگوترێت تیۆریی وەرگر وەستانەوەیە لە دژی حوکمی بابەتییانە و پێشوەختەی مێژوو، کە هەر کاتێ ئەو تێگەیشتنە خودییە دەردەکەوێت، حوکمەکانی مێژوو هێزی خۆیان لە دەست دەدەن و ئەو پێوەندییەی نێوان ئەدەب و مێژوو گۆڕانی بەسەردا دێت، بگرە دەچێتە دۆخێکی دیکەی جیاوازەوە. (یاوس) چەمکی (ئاسۆ) لە (گادامێر) وەردەگرێت و وشەی (چاوەڕوانی)ی دەخاتە پاڵ، تا ببێتە (ئاسۆی چاوەڕوانی). بەم شێوەیە چەمکی ئاسۆی چاوەڕوانی (Horizon of Expectation) واتە ئەو کاریگەرییەی کاری ئەدەبی لە لای خوێنەری جێ دەهێڵێت. کارلێکی نێوان تێکست و خوێنەر لە لای (یاوس) مەرجی سەرەکییە بۆ بەرهەمهێنانی مانا، بۆیە وا پێویست دەکات هەم نووسەر و هەم خوێنەر خاوەنی خەیاڵی بەپیت و ئاگایی فرەوان بن. لێرەدا مەبەست مانای کلێشەدار و ئامادە نییە، بەڵکوو جەختکردنەوەیە لەسەر ئەوەی تێکست بتوانێت خەیاڵی خوێنەر ببزووێنێت و بیخاتە ئاستی دینامیکییەوە. خوێندنەوەکانیش بەپێی کات و شوێن گۆڕانیان بەسەردا دێت. تێکست هەیە لە سەردەمی خۆیدا سەرنجراکێش نەبووە، بەڵام لە کات و شوێنی تردا پێچەوانە کەوتووەتەوە. پێی وایە تێکستی ڕوون ناتوانێت سەرنجی خوێنەر ڕابکێشێت و بەرهەمدار نابێت. پێویستە کاری ئەدەبی بتوانێت ئاستی تێگەیشتنی خوێنەر هەڵبکشێنێت و وای لێ بکات بەو ڕووبەرانە بگات، کە پێشتر پێیان نەگەیشتبوو. بەوەدا لایەنی کۆمەڵایەتی، کولتووری، ئایدیۆلۆجی و سۆمبۆلیی کۆمەڵگە لە پێکهێنانی تێکستدا بەشدارن، ئەوە تێیدا ڕەنگ دەدەنەوە و دەچنە باری ڕاڤەی دیکەوە، بۆیە ئەو پێکگەیشتنەی نووسەر و خوێنەر لە تێکستدا توانای گۆڕانکاریی هەیە. (ئایزەر) پێی وایە ئەو کاریگەریی (effect)ـە گرنگە، کە تێکست لە لای خوێنەری جێ دەهێڵێت. واتە لە دەروونی خوێنەردا چ گۆڕانێک بەرپا دەکات. بەوەدا ئەو خوێنەرە ئەزموونی ئەدەبیی هەیە، ئەوە کاتێ بەر تێکست دەکەوێت، شتی نوێ دێتە کایەوە. خوێنەری زیرەکی ڕەخنەدۆز دوای خوێندنەوەی تێکستێکی قووڵ ئاستی ئێستای جێ دەهێڵێت و دەگاتە ئاستێکی تر، وەک چۆن هەر ئەو پێوەندییە ئاستی تێگەیشتنی نووسەر بەرز دەکاتەوە. لێرەدا مەبەست لەو کارە ئەدەبییەیە، کە سەرسامی دەهێنێت، ئەو شتانە دەڵێت، کە نوێن، تا وەرگر بخەنە دۆخی ڕاچەنینەوە، بگرە پێویستە نائومێدی بۆ ئەو وەرگرە بهێنێت. (لە حەفتاکانەوە تا ئەمڕۆ بیستوومانە و دەیبیستین چۆن ڕەخنەگری میللی دەڵێت نووسەر قسەی ناو دڵی منی کردووە،

بۆیە بەرهەمەکەی داهێنانێکی گەورەیە، لە کاتێکدا ڕەخنەدۆزان دەڵێن پێویستە کاری ئەدەبی نائومێدی بۆ خوێنەر بهێنێت).

(فێرگەی فرانکفۆرت)یش کەموزۆر کاریگەریی بەسەر تیۆریی وەرگرەوە هەیە. بۆ نموونە سوودی لە ئێستاتیکای نەگەتیڤی (تیۆدۆر و. ئادۆرنۆ) ( The Negative Aesthetics of Adorno) وەرگرتووە، کە دژی هەموو مانایەکی ئامادەیە و پشتگیری لە سەربەخۆییی هونەر دەکات، بەوەی پێی وایە تا ئەو کاتەی هونەر ملکەچی یاسا باوەکان نییە و خاوەنی یاساکانی خۆیەتی، زیندووە و توانای هەیە لە ڕێی ڕەخنەوە بە گژ عەقڵی ئامێرگەرا ( instrumental mind)دا بچێتەوە. بەم شێوەیە هونەری نەگەتیڤ هەر ساتێ دەستی لە سەربەخۆییی خۆی هەڵگرت، ئەوە دەبێتە بەشێک لە میکانیزمی ئەو کۆمەڵگەیەی لەسەر ئەوە دامەزراوە چۆن هەموو شتێک بۆ شمەک بگۆڕێت، وەک چۆن کاتێ بەسەر خۆیشیدا دادەخرێت، دەشێ دیسان لەو دامودەستگەیانەدا بتوێتەوە و بکەوێتە ژێر ڕکێفی بازاڕەوە، بۆیە لە دژی ئەو تێگەیشتنە دەوەستێتەوە، کە لەسەر ئەوە دامەزراوە، گۆیە هونەر تەنیا ڕەنگدانەوەیەکی کاڵی واقیعە، بەڵکوو پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت، کە هونەر پێویستە ئەو شتە دابهێنێت، پێشتر نەبووە و دەبێت پێوەندیی خۆی لەگەڵ هەموو ئەو شتانەدا ببڕێت، کە هەن، بەو مانایەی واقیعێکی دی دروست بکات، تێیدا ئازاد ببێت، نەوەک نامۆ. ئەو لەگەڵ دامەزراندنی فەلسەفەیەکی هونەرییانەیە، کە لە دژی مێتافیزیکادا بجەنگێت، وەک ئەوەی (نیتشە) لە دژیدا جەنگا، لە کاتێکدا ئەوەی (نیتشە) بە هونەری دەزانێت. ڕەخنەی ئەو لە شوناس و هەموو بیرکردنەوەیەکی شوناسییانەیە ( identity thinking)، بەو مانایەی هونەر پابەندی شوناس نییە، بەڵکوو خاوەنی خەسڵەتێکی ناشوناسییانە (non-identity)یە، بۆیە حەقیقەتی ڕەها بەرهەم ناهێنێت، بەڵکوو هەمیشە مەودایەک لەنێوان مرۆڤ و شتەکاندا جێ دەهێڵێت.

ئینجا بەوەدا تیۆرییەکە بە شێوەیەک لە شێوەکان دەگاتەوە تیۆریی گەیاندن، ئەوە کاریگەریی ئەو فێرگەیە لێرەیشدا دەردەکەوێت، بەوەی ڕەخنەدۆزانی توانیویانە تیۆریی ڕەخنەیی دابمەزرێنن، کە هەر لەناویدا تیۆریی کرداری گەیاندن (The Theory of Communicative Action) چاوی هەڵهێناوە، بە تایبەتی لە لای (یۆرگن هابرماس)، کە ویستوویەتی لەو ڕێیەوە ڕووبەڕووی عەقڵی ئامێرگەرا ببێتەوە و لە بەرانبەردا عەقڵێک لەسەر بنەمای گەیاندن و پێوەندیی ڕەخنەییانە دابمەزرێنێت، تا توانای هەبێت لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا لێکتێگەیشتنی عەقڵانی پەرە پێ بدات.

لە لایەکی دیکەوە ناکرێت کاریگەریی فەلسەفەی (نیتشە) بەسەر تێکڕای ئاڕاستە ئەدەبییەکانی سەدەی بیستەم و بیستویەکەم لە بیر بکەین، کە تیۆریی وەرگریش لەو کاریگەرییە بە دەر نییە. ڕەخنەی ئەو فیلۆسۆفە لە حەقیقەت، کە پێوەستە بە چەمکی هەڵگێڕانەوەی بەها (Transvaluation) و جینیالۆجیای ڕەوشتەوە، ڕوانینێکی دیکەی بۆ هونەر هێنایە کایەوە، چونکێ کاتێ حەقیقەت تێک دەشکێت، ژیان بە فرەوانییەکەی دەردەکەوێت. لە کتێبی (جینیالۆجیای ڕەوشت: On the Genealogy of Morality)دا ڕەخنە لە سیستەمی ڕەوشتی باو دەگرێت، کە نەک هەر لە وەهمدا نغرۆ بووە، بەڵکوو شێواوە و لە بنەمای ڕەسەنی خۆی دوور خراوەتەوە. لەم ڕووەوە دەنووسێت: ئێمە پێویستمان بە ڕەخنەی بەهاکانی ڕەوشت (moral values)ە و بەر لە هەر شتێکیش پێویستە لێیان بکۆڵینەوە. ئەمەیش ئەوە دەخوازێت لەو هەلومەرج و بارودۆخانە بگەین، کە تێیاندا گەورە بوون. واتە جینیالۆجیا پرسیارە لە خودی بەها، کە لەو ڕێیەوە نەک خۆی، بەڵکوو ئەوانەیش تێک دەشکێنرێن، کە ڕایان گرتووە و هێشتوویانەتەوە. لە ڕێی هونەرەوە ڕووبەڕووی دۆخی مۆدێرنیتی دەبێتەوە و تێیدەپەڕێنێت، کە ئەوەیە ناهێڵێت مەعریفەی عەقڵانی دەست بەسەر غەریزەماندا بگرێت. ئەو دەیویست لە هونەردا حەقیقەت بدۆزێتەوە، نەوەک لە زانستدا، چونکێ ئەو حەقیقەتەی هونەر پێکی دەهێنێت، هیی ژیانە و بێسنوورە، پێچەوانەی هیی زانست، کە سنووردارە و ناتوانێت ڕووخسار تێبپەڕێنێت، تا بۆ ئەودیوی ئەو ڕووخسارە بپەڕێتەوە، بەوەی زانست هەر ئەو کارە دەکات، کە مێتافیزیکایش کردوویەتی و وەک ئەو ملکەچی پرینسیپی ئایدیالیزمە. بەم شێوەیە هونەر لاساییکردنەوەی سروشت نییە، بگرە لاسایی هیچ شتێک ناکاتەوە، بەڵکوو چالاکییەکی مێتافیزیکییە و سروشت تێدەپەڕێنێت. پێی وایە هونەر بریتییە لە هێزی دایۆنایسز (Dionysus) و جوانیی ئەپۆلۆ (Apollon). دایۆنایسز، کە سۆمبۆلی خۆشی و نەشوە (ecstasy)یە، توانای سەما و چێژبینینی هەیە، بەوەی ئازادە و ژیان بە قووڵی دەردەبڕێت، بۆیە خاوەنی هێزی نوێبوونەوەی بەردەوامە و نامرێت. ئەو وزەیەیە، کە مرۆڤ و مرۆڤ، مرۆڤ و سروشت پێک دەگەیەنێتەوە. هەر ئەویشە لە عەدەم(Nothingness)مان دوور دەخاتەوە و تەنیا لە ڕێی هونەریشەوە دەکرێت جیهان ڕاڤە بکەین، دەنا هەر ڕاڤەیەکی دیکەی ناهونەری، بێکەڵکە. لەمەوە هونەر بە جەستەوە پێوەست دەکات، بەوەی توانای هەیە مانای ڕاستینە و بێگەرد لە خۆی بگرێت، وەک چۆن لە دەستی دێت حەقیقەت دەربخات، بۆیە پێ لەسەر لایەنی فیزیۆلۆجی دادەگرێت، بەو مانایەی بڕوای بە دوالیزمی جەستە/ڕۆح نییە، بگرە پێی وایە دایۆنایسز فیلۆسۆفێکە و خۆی بە شاگردی دادەنێت. دایۆنایسز نوێنەری گێرەشێوێنی، ناڕێکی، ناهاوسەنگی، ناشێوە، تەوژمی ژیانێکی سەختە، لە کاتێکدا

ئەپۆلۆ هونەری شێوەسازی، ڕوونی، ڕووناکی، پێشبینی، میوزیک و پێوەری تێدا بەرجەستەن، کە (نیتشە) ئارامی و عەقڵی تێدا دەبینێت.

گەشەکردنی هونەر پێوەستە بە دوالیزمی دایۆنیسز و ئەپۆلۆ، کە ئەو دوو غەریزە جیاوازەی لە سروشتەوە هەڵقوڵاون، شانبەشانی یەک دەچنە پێشێ و لە ململانێدان. واتە بەرزکردنەوەی غەریزە و ژیان لە پێناوی پاراستنی جۆرەکە. بە یەکگرتنی ئەو دوو غەریزە جیاوازە، هونەری باڵا لە دایک دەبێت، کە ئەوە دەربڕینی قووڵایی تراجیدیایە. تیکەڵبوونی پیاوەتیی زبری ئەمیان و ژنێتیی هێمنی ئەویان. ئەپۆلۆ دەتوانێت ئەو شتانەی دایۆنایسز لە شێوەی جواندا دەربخات، بەوەی هونەرمەندی شێوەسازە. ئەمەیە هێز بە هونەر دەدات، تا بەهای جوانی بە شتە ناشیرین و بەدڕەوشتەکانیش ببەخشێت، وەک لە کتێبی (لەدایکبوونی تراجیدیا)دا دەڵێت. هەر لەوێدا ئەوە دەردەبڕێت، کە مەگەر تەنیا وەک دیاردەیەکی جوانیناسییانە پاساو بۆ ڕەوایەتیی هەتاهەتایەی بوون و جیهانبینێنەوە. (itis only as an aesthetic phenomenon that existence and the world are eternally justified). واتە ئەو جوانییە وامان لێ دەکات چاو لەو هەموو ناشیرینییەی دنیا بپۆشین، لە کاتێکدا جوانی پێویستی بەوە نییە پاساوی بۆ بهێنرێتەوە.

پێی وایە ئەو چێژە مێتافیزیکییەی لە تراجیدیادا هەستی پێ دەکەین، حیکمەتی غەریزەی ناهۆشیارییانە (unconscious)ی دایۆنیسیەتە و بۆ زمانی وێنە گۆڕاوە. ئەوە لە ویست (Will)دا بەرجەستەیە، کە دەیەوێت لە پێناوی ئاسوودەییماندا خۆی لە ناو ببات. ئینجا ئەپۆلۆ، بەوەدا نوێنەری هونەری شێوەسازییە و لایەنی جوانکاری لە خۆی دەگرێت، لە ڕێی ئەو جوانییەیەوە بەسەر ناخۆشییەکانی ژیانماندا زاڵ دەبێت، کە لە لای (نیتشە) ژیان دەکەوێتە سەرووی حەقیقەت و هەر شتێکی دیکەیشەوە. لە بەشی (٣٥٤)ی لەژێر ناونیشانی (زیرەکیی جۆرەکان: genius of the species) لە کتێبی (زانستی هۆژی: The Gay Science)دا دەڵێت هۆشیاری تەنیا لەژێر فشاری پێویستیی بۆ گەیاندن (the need for communication)دا گەشە دەکات. سەرەتا ئەو هۆشیارییە پێویست و بەسوود نییە، تا ئەو کاتەی دەچێتە نێو پێوەندیی مرۆڤەکانەوە، بە تایبەتی لەنێوان ئەوانەی فەرمان دەردەکەن و ئەوانەی بە جێی دەهێنن (those who commanded and those who obeyed). هۆشیاری بەپێی ڕادەی ئەو پێویستییە گەشە دەکات. واتە هۆشیاری تەنیا بۆ پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکانە، بەوەی لەو ڕێیەوە هەستی دڵنیاییی بۆ دابین دەبێت. هەر لێرەیشەوە زمان هاتووەتە دی، بەوەی زمان ئەو ڕووبەرەیە، کە

میتافیزیکا تێیدا دەردەکەوێت وا دەکات مانا ئەزەلیەتی خۆی بپارێزێت. واتە میتافیزیکا مەبەستیەتی شوناس و تاکڕەهەندیی مانا لەسەر حیسابی جیاوازی، درێژە پێ بدات. بەم شێوەیە هۆشیاری بە ژیانەوە پێوەست دەکات و لەو پێناوەدا ڕووبەڕووی حەقیقەت دەبێتەوە. بنەمای حەقیقەت بۆشە، بەوەی تا ئەو کاتە درێژەی دەبێت، کە سوود بە ژیان دەگەیەنێت. کاتێ حەقیقەت بە ژیانەوە پێوەست دەکەین، ئەوە ئەو حەقیقەتە لە پێناوی خۆیدا حەقیقەتە، نەوەک لە پێناوی شتی تردا، کە سوود خۆی دەخزێنێتە ناویەوە. پێی وایە حەقیقەت لە وەهم زیاتر شتێکی دی نییە، بەڵام ئێمە لە بیرمان چووەتەوە، کە بەم شێوەیەیە. بەو مەبەستەی ئەوەمان بۆ دەربکەوێت، پێویستە پەنا بۆ جینیالۆجیای بەهاکان ببەین.

ئایا ڕوانینی (هایدیگەر) بە تایبەتی ئەوەی پێوەندیی بە (کاری هونەری)یەوە هەیە، یەکێک نییە لەو سەرچاوانەی، تیۆریی وەرگریان لێ هەڵقولاوە؟ بەوەدا هەوڵم داوە لە هەردوو کتێبی (گەڕانەوەیەکی کاتی بۆ دایەلۆگێکی بەردەوام) و (کوشتنی فیل و پاراستنی دووکانی شووشەوات)دا بە وردی لەو بارەیەوە بدوێم، بۆیە لێرەدا بە پێویستی نازانم باس لە کاریگەریی ئەو فیلۆسۆفە بکەم بە گشتی لەسەر تیۆرییەکانی ئەدەب و بە تایبەتی لەسەر تیۆرییەکانی خوێنەردا.

وەک سەرنج دەدەین تیۆریستانی تیۆریی وەرگر هەوڵیان داوە هەموو ئەو تەوژمە ئەدەبی و فەلسەفییانە بەسەر بکەنەوە، تا لە داڕشتنەوەی تیۆرییەکەدا بیانخەنە ڕوو. بەم شێوەیە ئەو تیۆرییە لە لایەک ڕەخنەییە و بۆچوونەکان دەداتە دواوە، لە لایەکی دی لێیان وەردەگرێت، بەو مەبەستەی ڕوانگەیەکی تۆکمە، بەڵام ڕوون دابمەزرێنێت. مەبەستیەتی لەوێوە بڕوانێتە هەموو ڕەهەندەکانی ئەو چەمکە و هەوڵ بدات گۆڕانی گەورەی بەسەردا بهێنێت.

بەم شێوەیە ئەو خوێنەرەی پێشتر، (واتە پێش دەرکەوتنی ئاراستە فەلسەفی و ئەدەبییەکانی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەم، کە بە شێوەی جۆراوجۆر بەردەوامییان هەیە وکاریگەرییان لە تیۆرییەکانی وەرگردا بەرجەستەن) لە دەرەوە بوو و تەنیا پەیامی پێ دەگەیشت، ئێستا لە ناوەوەیە و وردەکارییەکان دەبینێت. هەوڵی تێگەیشتن دەدات، لێکدانەوە دەکات و بۆچوون دەردەبڕێت، کە ئەوە بە (realization) ناسراوە، بەو مانایەی خوێنەر لەو ڕێیەوە لایەنی ئیستاتیکیی تێکست دەگرێتە ئەستۆ (aesthetic)، لە کاتێکدا ئەوەی نووسەر لایەنی هونەرییە (artistic). واتە خوێنەر لەسەر هەردوو ئاستی تیۆری و پراکتیدا چالاکە. هەموو ئەو خرۆشان، چێژبینین، هەڵچوون، سەرسامی و

ئەوانەی دیکە، کە لای خوێنەر دروست دەبن، خۆیان لە لایەنی ئێستاتیکادا دەبیننەوە. بەم شێوەیە خوێنەر جەخت لەسەر ماناکانی نووسەر ناکاتەوە، بەڵکوو خۆی مانا دادەمەزرێنێت، بگرە تێکست وەک گوتارێکی گەیاندن (communication) هەر خۆی لەناو هۆشیاریی خوێنەردا هەڵدەچنرێت. بە مانایەکی دی، کاری ئەدەبی تەنیا ساتێ بە دەست دێت، کە بەر زانینی خوێنەر دەکەوێت، چونکێ ژیان کاتێ دەخزێتە نێو کاری ئەدەبییەوە، کە دەبێتە بابەتی تێگەیشتن. (یاوس) ناو لەمە دەنێت ئێستاتیکای وەرگر (aesthetic of reception)، بەوەی ئەو خوێنەرە لە دیدگەی خۆیەوە کاری ئەدەبی دادەڕێژێتەوە. واتە بەرهەمهێنانەوەی تێکست (textreproduction) بە شێوەیەکی جیاواز، کە دوورە لە خواستی نووسەر. دەسا نووسەر هەر خۆی خوێنەرە، خوێنەری تێکستەکانی پێشووە، کە سەر بە هەمان توخمن. دەکرێت بگوترێت لایەنی هونەری، کە نووسەر نوێنەریەتی، بریتییە لە بونیادی زمانەوانی، مانای شاراوە، ئاماژە مەعریفی و ئایدیۆلۆجیاکان، لە کاتێکدا لایەنی ئێستاتیکی، ئەوەی خوێنەر دەگرێتەوە، خۆی لە خوێندنەوە، ڕاڤە و پڕکردنەوەی بۆشاییەکاندا دەبینێتەوە، کە دەتوانێت تێکست لە دۆخی ڕووتەوە بباتە دۆخی هەستپێکراوەوە، بەوەی هەم بینین و هەم هۆش لەو پرۆسێسەدا بە کار دەهێنێت. واتە چەمکی خوێندنەوە فرەڕەهەندە، کە ڕەهەندەکانی دەروونی، کۆمەڵایەتی، ئێستاتیکی، جەستەیی و زۆری دی لە خۆی دەگرێت. بەم شێوەیە خوێندنەوە جۆرێکە لە نووسینەوەی دەق و هەر ئەویشە بەرهەمهێنانەکەی واڵا دەکات. خوێنەر لەناو تێکستدا دوو ڕۆڵ دەبینێت، ڕۆڵی خوێنەر و ڕۆڵی نووسەر، نووسەرێکی جیاواز لە نووسەری پێشوو، هاوکات دەبێتە خوێنەرێکی جیاوازیش لەوەی هەبوو. دیارە لێرەدا هۆشیاریی خوێنەر ڕۆڵی هەیە لەوەدا پێوەندی بە چ تێکستێکەوە بکات، چۆن ئاماژەکان بخوێنێتەوە و چییان لێ پێک بهێنێت. واتە پرۆسێسی هەڵبژاردن، گەڕان و هەڵکۆڵین دەگرێتە ئەستۆ. خوێندنەوە واتە خود، تێکستیش واتە بابەت. یەکگرتنی خود و بابەت (خوێندنەوە و تێکست) ڕاڤە بەرهەم دێنێت.

نووسەری داهێنەر بە سروشتی خۆی پێی خۆشە بەر خوێنەری نموونەیی بکەوێت، ئەو خوێنەرەی (ئیکۆ) هیوای بۆ دەخوازێت، کە تواناکەی لە هیی نووسەر کەمتر نییە و خاوەنی ئەزموونی گەورەیە. دەگەینە ئەوەی بڵێین لەو پرۆسێسی گەیاندن (communication process)ـەدا پاشخانی کۆمەڵایەتی و کولتووریی خوێنەر و تێکست ئامادە دەبن و بەر یەک دەکەون، تا ڕەهەندی مێژوویی دەربکەوێت، بەو مانایەی ڕابردوو و ئێستا لە هەمان ئاسۆدا پێک دەگەنەوە. لەناو تێکستدا نووسەر وەک ڕابردوو و خوێنەر وەک ئاییندە بەر

یەک دەکەون، کە ئەو بەریەککەوتنە سڕینەوەی نێوان دۆخەکانی کاتە. لێرەدا مێژوو بە مانای ڕووداوی زنجیرەیی نایەت، بەڵکوو بریتییە لە بەسەرکردنەوەی تێکستە جۆراوجۆرەکان. ئەو نووسەرەی تێکستێک بەرهەم دەهێنێت، خوێنەری کۆمەڵێک تێکستی دیکەیشە، وەک چۆن ئەو خوێنەرەی دەخوێنێتەوە، ئەزموونی لەگەڵ چەند خوێندنەوەی دیکەدا هەیە. لەم ڕووەوە (یاوس) پێی وایە ئەزموونە ئێستاتیکییەکانی ڕابردوو دەتوانن ببنە پاڵپشت بۆ نەوەکانی دواتر و دەوڵەمەندیان بکەن. واتە ئەو خوێنەرە لە یەک گۆشەنیگاوە ناڕوانێت، بەڵکوو لە چەند لایەکەوە سەرنجی دەداتێ، بۆیە توانای هەیە لە ڕێی ڕاڤەوە بە ئەنجامی جۆراوجۆریش بگات. لەبەر ئەوەیشە ئەوەی بە دەست دێت، کاری ئەدەبییە، کە تێپەڕاندنی ئاستی تێکستە. واتە ئەوەی لەنێوان هەردوو تەوەرەی هونەری و ئێستاتیکادا بەرهەم دێت، کاری ئەدەبییە، کە لە تێکست ترازاوە، بەو مانایەی لەگەڵ تێکست و دەرکەوتەکانی هاوڕێک نییە، بۆیە کاری ئەدەبی بە شێوەیەکی دینامیکییانە ئاستێکی دیکەی نێوان هەردوو تەوەرەکە پێک دەهێنێت. تێکستی فرەئاڕاستە هەر جارێ خوێنەری ڕەخنەدۆزی بەر بکەوێت، تازە دەبێتەوە و پتر لە ئاستی خوێندنەوەدا خۆی دەکاتەوە، کە ئەو ئازادییەی خوێنەر لەو فرەئاڕاستەیییەوە دێتە کایەوە. خوێنەری ئازاد مانای ئازاد بەرهەم دێنێت، کە ئەو مانا ئازادە توانای جووڵەی هەیە و لە دۆخێکدا قەتیس نابێت، بەڵکوو لە هەر کات و شوێنێکدا خۆی نوێ دەکاتەوە. وەک گوترا لە کاری هونەریدا تەنیا نووسەر نییە داهێنەرە، بەڵکوو خوێنەریشە. بە مانایەکی دی، تێکست بەو ئەندازەیەی کەناڵێکە بۆ دەرخستنی تواناکانی نووسەر، ڕووبەرێکیشە بۆ دەرکەوتنی بەهرەی خوێنەری ڕەخنەدۆز، کە لەو بەریەککەوتنەدا تواناکان بەر یەک دەکەون و تەقینەوە گەورەکە دروست دەکەن. ئینجا تێکشکانی قاڵب و کلێشەکان لە لایەک و کاڵبوونەوەی سنووری نێوان ژانرەکان لە لایەکی دیکەوە وایان کرد خوێنەر پتر ئازادی بە دەست بێنێت لەوەی چۆن تێکست بخوێنێتەوە و چۆنیش مانای لێ پێک بهێنێت.

دەگەینە ئەوەی بپرسین چ تێکستێک دەتوانێت خوێنەر لە دەرەوە بهێنێتە ناوەوەی خۆی؟ ئەو تێکستەی خاوەنی نهێنییە، نەوەک ئەو تێکستەی ڕوونە. چ خوێنەرێک دەرەوە جێ دەهێڵێت و بەرەو ناوەوە دێت؟ ئەو خوێنەرەی توانای دۆزینەوەی نهێنیی هەیە. دەکرێت بەم شێوەیە دایبڕێژینەوە: ئەو تێکستەی ئاستی زانراوی تێپەڕاندووە و چووەتە ئاستی ئاماژەوە، ڕێ بە خوێنەری داهێنەر دەدات مانای جیاواز و فرەڕەهەند بدۆزێتەوە. نە تێکستی سادە دەتوانێت خوێنەری داهێنەر ببزووێنێت و نە تێکستی قووڵیش سەرنجی خوێنەری سادە ڕادەکێشێت.بەلاوەنانی مەبەستگەرایی لای تیۆریستانی تیۆریی وەرگر واتە

گۆڕینی دەستەڵاتی نووسەر بە دەستەڵاتی خوێنەر، بەو مانایەی دەکرێت ڕاڤەی جیاواز بۆ تێکست بکرێت. هەر تێکستێک ئەوە هەڵدەگرێت لە گۆشەنیگای جیاوازەوە لێی بڕوانرێت و مانای جیاوازی تێدا بدۆزرێتەوە. (ئیکۆ) ئەوە دەخاتە ڕوو، کە تێکست هەموو شتێک ناڵێت، بۆیە خوێنەری نموونەیی ئەو شتانە دەدۆزێتەوە، کە نەگوتراون، بەوەی هەر ئەوانەیشن توانایان هەیە کارلێکەکە بێننە دی. بە بڕوای (ڕیفاتێر) پرۆسێسی گەیاندن، کە لەنێوان تێکست و خوێنەردا دەردەکەوێت، هەمان ئەوەیان نییە، کە لە پرۆسێسی گەیاندنی ئاساییدا هەیە. گەیشتنی خوێنەر بە تێکستی ئەدەبی هەر خۆی ئەزموونی شتێکی تاقانەیە، کە ئەمە ئەنجامە سەرەکییەکەی شێوازە. شێواز بۆ خوێنەر لە ڕێی ناڕێزمان (ungrammaticalities)ەوە دەردەکەوێت. واتە تێکست لە شێوەی کۆد و ئاماژەدایە و خوێنەر خۆی دەیاندۆزێتەوە، کە ئەوە ڕێگەی لەدایکبوونی شێوازە. ئەوە یاساکانی ڕێزمان نین شێواز دێننە کایەوە، بەڵکوو ئەو بیرۆکانەن بە ناڕاستەوخۆیی لەو تێکستەدا شوێنیان هەیە. (ئایزەر)یش پێی وایە هەر تێکستێک شیوازێکی خوێندنەوەی تایبەت بە خۆی دەخوازێت.

دەکرێت بگوترێت تیۆریی وەرگر بایەخی خۆی ئاڕاستەی چوار تەوەرە دەکات: یەکەم، نووسەر وەک بەرهەمهێنەری تێکست. دووەم، وەرگر وەک ئەوەی لەو بەرهەمەدا بەشدار دەبێت. سێیەم، ژینگە وەک ئەوەی بواری کۆمەڵایەتی، کولتووری و ئایدیۆلۆجی دەگرێتە خۆی. چوارەم، مێژوو وەک ئەوەی توانای پێکبەستنەوەی هەموو توخمەکانی هەیە و دەتوانێت بەرەو تێگەیشتن و ڕاڤە ئاڕاستەیان بکات، کە لەوێوە کاری هونەری پێک دێت، بەو مانایەی تێپەڕاندنی ئاستی تێکستە.

خوێنەری ڕەخنەدۆز، یان خوێنەری ڕاڤەکەر خۆی نە بە لایەنەگر و نە بە دژی نووسەر دەزانێت. دەستەڵاتی خوێنەریش لێرەوە دێتە کایەوە، کە ئەو تێکستە ئاستی زانراوی تێپەڕاندووە و مانای جیاوازی لە خۆی گرتووە. بە دەربڕینێکی دی، خوێنەر کاتێ ڕووبەڕووی تێکست دەبێتەوە، پەنا بۆ تواناکانی خۆی دەبات، تا مانا شاراوەکان لێک بداتەوە. بەم شێوەیە مەبەستی گەیەنەر و وەرگر بە ناچاری لە یەک دەترازێن، مادام مانا شاراوەکان هەم زیاتر لە خوێنەرێک دەهێننە گۆڕێ و هەم کۆمەڵێک ئاڕاستەی جیاوازیشیان لێ دەبێتەوە. شێوازی دەستەڵاتەکەیش دەگۆڕێت، کە ئەگەر پێشتر لە سەرەوە بۆ خوارەوە بوو، واتە لە نووسەرەوە بۆ خوێنەر دادەبەزی، ئێستا ئەو هەرەمە تێک شکاوە. هیچ سەنتراڵیتییەک نەماوە، بەڵکوو کۆمەڵێک ئاڕاستەی بێسنوور هەن. بەرزی و نزمی سڕاونەتەوە و ڕاڤەکان ئازادانە دەجووڵێنەوە. ڕێ بە خۆم دەدەم بڵێم

تێکستی کراوە توانای هەیە خوێنەر و نووسەر پێکەوە کۆ بکاتەوە، تا هەم جیاوازی و هەم ڕێککەوتنەکانیان بخەنە ڕوو. زۆریی خوێنەر ناهێڵێت تێکست چەسپاو بێت، بەڵکوو دەیخاتە ئاستی بەردەوامی و دینامیکییەوە، کە ئەوە پێدانی ژیانە بە تێکست. وەک ڕەخنەدۆزی کەنەدی (نۆترۆپ فرای: Northrop Frye) پێی وایە ئەدەب دوو جۆر هێز دەخوازێت، یەکەمیان، خوڵقاندنی لەلایەن نووسەر و دووەمیان، تێگەیشتنی لەلایەن خوێنەرەوە. هەر (فرای) پێ لەسەر چەمکی (ترازان: displacement) دادەگرێت، کە تەکنیکێکە و بۆ ئەوەیە دڵنیامان بکاتەوە خوێنەری ئەفسانە و فەنتاسیا پەیامی دروستی چیرۆکی پێ گەیشتووە. بە مانایەکی دی، ترازاندن بە ڕاستی دێتە کایەوە، کاتێ خوێنەر لە جیاتیی بەشێکی ئایدیۆلۆجی (partial ideology)، کۆخەیاڵ (complete fiction)ی بە دەست هێناوە.

****

ئێستا لێرەوە بۆ تەوەرەی یەکەم دەگەڕێینەوە و دەپرسین: ئایا ئەوانەی (ئارام سدیق) و زۆرینەی ڕەخنەگرە میللییەکانی دیکە لەبارەی چەمکەکان بە گشتی و چەمکی خوێنەرەوە بە تایبەتی، دەیانڵێن، لە ڕێی دایەلۆگەوە هاتوون، (دایەلۆگ لەگەڵ ئەو سەرچاوانەوە)، یان تەنیا وەرگرتنی چەمکەکانە بە هۆی هەستەوە، تا بۆ ئاستی میللییان بگەڕێننەوە و لەوێدا بە زمانی ڕۆژانەی خەڵک وەسفیان بکەن؟ئایا سەختە ئەوان بزانن چەمکێک هەیە و ناوی (خوێنەر)ە، یان هەر شتێکی دیکەیە؟ ئایا لەوە ئاسانتر هەیە بەم زمانە کۆمەڵێک کتێب لە ماوەیەکی کورتدا بنووسن؟ئەرێ سەختە ناوی بێژمار فیلۆسۆف و ڕەخنەدۆز ڕیز بکەن، بێ ئەوەی ویستبێتیان لێیان تێبگەن؟ ئایا بەبێ دایەلۆگ لەگەڵ ئەو سەرچاوانە، دەکرێت ئێمە ئەدەبی داهێنەرانە بنووسین؟ ئەو پرسیارەی تەوەرەی یەکەمیش دووبارە دەکەینەوە: ئایا ئەو ناوانەی ڕەخنەگری میللی زەقی کردوونەتەوە، لە کاتێکدا وەک خۆیان بە هەمان زمانی جەماوەر دەنووسن، داهێنەرن؟ ئایا کاتێ ڕەخنەگری میللی دەڵێت فلان چەمک زۆر سەختە، بێ ئەوەی بە چەند وشەیەک لێوەی بدوێت، فریودان نییە؟ ئەرێ ئەوانە کەی لەبارەی ئەو چەمکانەوە دەنووسن؟ بۆ نموونە کەی نۆرەی چەمکی (پۆلێن) دێت و ئێمەی خوێنەر دەزانین هەر بە ڕاستی کارێکی سەختە، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا ئەو ڕەخنەگرە ڕووبەڕووی بووەتەوە؟

بەگشتی نووسین لە لای ڕەخنەگری میللی ڕێچوەڵە و تێیدا ئەوە گرنگ نییە، ئاخۆ زانین پێوەندیی بە بەهای ژیانەوە هەیە، یان نا، بەڵکوو گرنگە ئەو شتانە دووبارە بکاتەوە، کە هەن. بۆ نموونە کاتێ گوتەیەکی (هایدیگەر)ی لە شوێنێکدا

بەر چاو دەکەوێت و بۆ ناو گوتارێکی دەگوازێتەوە، هەست بە دڵنیایی و ئارامی دەکات، هەتا ئەگەر لە مەبەستی گوتەکەیش نەگەیشتبێت، یان هەر لە بنەڕەتەوە ئەو گوتەیە هیی سەرچاوەی حەوت و هەشت بێت، بە ڕادەیەک خودی ئەو نووسەرەی لێیشی وەرگرتووە، شتێکی ئەوتۆ لە بارەیەوە نەزانێت. هێندەی بەسە، کە زانیویەتی (هایدیگەر) فیلۆسۆفێکی مەزنە. ئینجا ئەو گوتەیە چ گۆڕانکارییەک لە هۆشیاریی ئەودا دێنێتە کایەوە و چیی نوێ بۆ ناو ژیانی دەهێنێت؟ ئەوانە هێشتا نەبوونەتە پرسیار.

ڕەنگە بپرسرێت، ئاخۆ پەرەگرافێک دەتوانێت بابەتێکی لەم شێوەیەت پێ بنووسێت. ڕاستییەکەی پێشتر وەڵامی ئەم پرسیارەم داوەتەوە و ئێستایش دەیڵێمەوە، کاتێ لە بەردەم چەمکداین، هیچ سنوورێکمان نییە، ئایا بە چەند وشە لەو بارەیەوە دەدوێین و چ مێتۆدێک دەگرینە بەر. هیچ چەمکێک تەواو نەبووە، بەوەی نە سەرەتایان هەیە و نە کۆتایی، بەڵکوو هەر یەکەی خۆی لە بەردەم ڕاڤەی بێپسانەوەدا دەکاتەوە، بە تایبەتی کاتێ ئێمە ئارەزووی ڕاڤەمان لە دەست نەداوە. ڕۆژانە لە ناوەندە کۆمەڵایەتییەکانی وەک ماڵ، فێرگە، کۆڵان، بازاڕ و ئەوانەی دیکەدا چەمکی خوێنەر دەبیستین، کە شتێکی سەیر نییە ڕەخنەگری میللییش وەک هەر کەسێکی دیکە بیزانێت و چەند وشەیەکی سادەلە نووسینەوەیدا بە کار بهێنێت، بەڵام هەر هێندە بەو ئاستەی ڕازی نەبووین و ویستمان بە دوای ئاست و ڕەهەندی دیکەیدا بگەڕێین، ئەوە ئێمە لە زانراوەوە و بەرەو نەزانراو دەچین و لەوێدا بە زمانێکی دی، بە تێگەیشتنێکی تر و بە ڕوانینێکی دیکەی جیاوازەوە دەدوێین. لەم نووسینەمدا هەوڵم داوە بڵێم (ئارام سدیق) ئەوانەی گوتوون، کە هەر کەسێکی دیکەی کۆمەڵگە، بێ ئەوەی خۆی وەک نووسەر ناساندبێت، دەیانزانێت، بەڵام ئەوانەی نەگوتوون، وا من لێرەدا پێشانم داون. لە کتێبی (گەڕانەوەیەکی کاتی بۆ دایەلۆگێکی بەردەوام)دا نووسیومە: {خەڵکی ئاسایی هەم بەر لە (ئەریستۆ) و هەم دوای ئەویش ڕۆژانە باسی ئاو، خاک، ئاگر و هەوایان کردووە، بەڵام ئایا وەک ئەو لێیان ورد بوونەتەوە و توانیویانە بەو شێوەیە قووڵاییان ببینن؟ ئەو شتانەی فیلۆسۆفەکان لە بارەیانەوە دەنووسن و مانای نوێیان تێدا دەدۆزنەوە، هەر ئەوانەن، کە خەڵکی تریش دەیانناسن، بۆیە ئەوە ناوی شتەکان نییە، بەڵکوو ئەو مانا نوێیانەن، کە لێیانەوە بەرهەم دێن، زمان و تێگەیشتنی کەسێک لە هیی کەسێکی تر جودا دەکەنەوە}. ئەو چەمکانەی (ئەریستۆ) لێکی داونەتەوە، تا ئەمڕۆیش بە شێوەی جیاوازتر ڕاڤە دەکرێن، بێ ئەوەی تەواو ببن. پێناسەی فەلسەفە لە لای من بریتییە لەو جووڵەیەی بە هێزی پرسیار لە (زانین)مانەوەدەستی پێ دەکەین، تا بەرەو ڕووبەری (نەزانین)مان ببات. لێرەوە ئێمە بەو شتانە دەگەین، کە پێشتر

نەماندەزانین.ئەو پرۆسێسە بێپسانەوەیە و ناگاتە ئەنجامێک، بەڵکوو بەردەوام ئەو (نەزانین)ـە بۆ (زانین) دەگۆڕێت، بێ ئەوەی ڕووی لە (نەزانین) وەربگێڕێت. من لەم ڕوانگەیەوە دەڕوانمە چەمکی خوێنەر و هەر چەمکێکی دیکەیش.

نووسەرێکی بەتەمەن دەچێتە کتێبخانەیەکی گەورە و باسکەکانی لە یەک گرێ دەدات، تا بڕوانێتە قووڵاییی کتێبخانەکەوە. بە وێنەگرێکی شارەزایشی گوتووە، وێنەیەکی بگرێت، بە مەرجێ زۆرترین کتێبی لەگەڵ دەربچووێنێت. هەر بە ڕاستی وێنەگرەکە دەتوانێت وێنەیەکی لەم شێوەیەی بۆ بگرێت. ئەم وێنەیە بەتاڵ دەبێتەوە، کاتێ ئەو کەسە دەستەکانی لە یەک دەکاتەوە و بۆ یەکەمجار لە ژیانیدا کتێبێکیان پێ دەگرێت، تا بە چاوێکی جیاواز بیخوێنێتەوە. دەسا ئەگەر لە کتێبخانەکە هاتە دەرێ و کتێبی بە دەستەوە نەگرت، ئەوە لە ژێر وێنەکەدا دەنووسێت: (من نووسەرێکی داهێنەری مەزنم و ئەوانەی دی چاویان پێم هەڵنایەت).

ئەمڕۆ زۆرن ئەو وێنانەی پێشان دەدرێن و شتیان لە ژێردا دەنووسرێت.